# زمانی ستانداردی کوردی

## سەرنجێك لە رابردوو ئێستاو ئایندەی

ڕێبوار عەلی

سلێمانی

2010

**پێشکەشە بە:-**

*** دڵسـۆزانی ووشــەی کــوردیو پشــتەڤانی زمـانی ســـتانداردی کـــوردی، لەهـــەر شـــوێنێکی ئـــەم جیهانەدابن..**

*** گیانی بەرزە فڕی ﴿ مەحوی و پیرەمێـردو شـێخ محمدی خاڵ...﴾**

*** جگەرگۆشەکانم ( سیماو هۆنیارو وارڤان ).**

# پێشەکی

**بە قەڵەمی: موحسین جوامێر – سوێد**

**ئـــەم لێکۆڵینـــەوەیـــەی مامۆســـتا( ڕێبـــوار عـــەلـــی) کـــە لـــە بـــەردەســـت خوێنـــەری ئازیزدایـــە، دەکـــرێ بگـــوترێ لـــە بـــواری کێشـــەی زمـــانی یـــەکگرتـــوودا، کـــەرەســـەیـــەکـــی بـــەپێـــزە بـــۆ لێـــدوان و گفتوگـــۆکردن لـــەســـەر ناســـکترین بابـــەتـــی نـــەتـــەوەیـــی کـــە ئـــەگـــەر بنگـــۆم بکـــرێ یـــان زووبـــەزوو خـــۆی بۆهـــەڵنـــەکـــرێ و هاوکـــات دەســـەڵات بـــەلـــەز بڕیـــاری لـــەســـەر نـــەدا، هـــیچ گومـــانی تێـــدا نییـــە ڕووبـــەڕووی داڕووخـــانێکی میللـــی و گۆبـــەنـــدێکی نیشـــتمانیی گـــەورە دەبینـــەوە و هـــەر هێنـــدەمـــان زانـــی نـــەتـــەوەگـــەلێـــک هاتنـــە کایـــەوە کـــە بگـــوترێ ئـــەمانـــە ڕۆژێـــک لەڕۆژان کورد بوون؛ بەڵام ون بوون.**

**لـــە دووتـــوێی نووســـینی نووســـەردا دووبـــارە نـــاوی (جووتســـتاندارد) م کـــەوتـــەوە بـــەر زەیـــن، کـــە کۆمـــەڵێـــک کـــوردی ڕۆژهـــەڵات کـــە هێشـــتا هـــەوای ســـوحبەتـــی حیزبـــی تـــوودەیـــان هـــەر لـــە دەماخـــا مـــاوە و ســـمکۆڵی بـــۆ دەکـــەن، دایانهێنـــاوە و بانگـــەشـــەی بـــۆ دەکـــەن، هـــەروەهـــا تـــەلـــەفزیـــۆنێکی کـــوردیش کـــە لـــە دەرەوەی کوردســـتان پـــەخـــش دەکـــرێ، دەهـــۆڵی بـــۆ دەکوتێـــت.. ئـــەم هـــەوڵـــەش لـــە ســـەرەتـــادا خـــەڵکـــی عاقیبـــەتـــەکـــەی نـــازانن، واتـــە نـــازانن لـــەدایکبـــوونی دوو زمـــان بـــەڕێگـــەوەیـــە، ئـــەوجـــا دوای مـــاوەیـــەک هـــەر یـــەک لـــەو ســـتانداردانە - وەک هـــەر زمـــانێکی ســـەربـــەخـــۆ – مـــاڵی خـــۆی دەکـــا و پاشـــان یـــەکـــێ لـــەژێـــر نـــاوی (زمـــانی ســـۆرانی) و ئـــەویدیکـــەش لـــەژێـــر نـــاوی (زمـــانی بادینی) دەناسرێت.**

**لـــە پێـــوەنـــدی لـــەگـــەڵ بابـــەتـــی جووتســـتاندردا، بـــەوەی گوایـــە هێنـــدێ زمـــان وەکـــوو( نـــۆڕوێژی و ئـــەلبـــانی ) جووتســـتانداردن، واتـــە بـــە**

دوو شێوەزار تێیاندا دەخوێندرێ، ڕاست نییە و لە واقیعەوە دوورە.( ئەلبانییەکان) هەر لە سەرەتای حەفتاکانەوە خۆیان یەکلا کردووەتەوە، بەوەی شێوەزاری (تۆسکی) یان کرد بە دایەگەورە، هەر چەندە شێوەزاری کەمایەتیی( ئەلبانییە)، بەڵام دەمێک بوو زمانی نووسین بوو. هەرچی نۆرویژییە، ئەوە دووریی شێوەزاری (بووکمۆل) لە شێوەزاری (نینۆرسکە) کە شێوەزارێکی بچکۆلانەیە، وەک دووریی شێوەزاری سلێمانی و هەولێرە لە یەکدی، هەڵبەت هەمووش لە هەموو دەگەن. شایەنی وتنە لە 90%ی بڵاوکراوەکان بە شێوەزاری بووکمۆلن کە بەکردەوە زمانی پەتیی وڵاتە. بۆ نزیککردنەوەی وێنەی ڕەوشەکە، جیاوازی لەنێوان دوو شێوەزارە نۆرویژییەکە وەک جیاوازیی ئەم دوو رستە کوردییەیە (من دەچم بۆ ماڵەوە) و (ئەمن دەچمە ماڵێ)، هەڵبەت نووسین و وتنی هەردووکیان ڕاستن و دەفامرێن، ئەگەرچی پێشگر و پاشگری وشەکان جیاوازن. بەڵام ئاخۆ ئەو جیاوازییانەی لەنێوان لەهجەکانی کوردیدا هەن، وەک ئەوانەی( نۆرویژ) ئەوەندە بچکۆلەن هەتا پیاو ترسی ئەوەی لێ نەنیشێ بەیانی ببن بە زمانگەلی تەواولێکجودا، کە گەلانی لێکجوداشیان لێ پەیدا بن ؟ هەڵبەت هەرگیز نەخێر و بە قیاسی کەشکێش لە مەشکێ، تەنیا ڕاستی وردوخاش دەبێ و ملی زمان دەشکێ.

زۆر جار هەمان هەڵە و شاشی سەبارەت بە زمانە پەتییەکانی سوێد و فینلەندا، دووبارە دەکرێنەوە، هێندێ جار بەئەنقەست، کەچی وانییە. لە سوێدا دوو زمانی ستاندارد هەن، یەکێکیان سوێدی و ئەویدیش (سامیسکە) یە، کە دوو زمانی تەواو لێکجودان و هاوکات سەر بە دوو نەتەوەی جوداشن. لە فینلەنداش دوو زمانی ڕەسمی هەن، یەکێکیان (فینلەندی) و ئەویدیکەش (سوێدی) یە کە ئاسمان و ڕێسمان لێک دوورن. واتە ڕەوشی زمانی ستاندارد لەو وڵاتانەدا وەک هی عێراقە کە

تێیدا (عەرەبی) و (کوردی) دوو زمانی ڕەسمین، نەک وەک لەهجەی (سۆرانی) و لەهجەی (بادینی) یە کە هەردووکیان لە دایک و باوکێکن و پێیان دەنووسرێ، کە ئەمەش گەورەترین هەڕەشەیە لە وەستانی کورد لەسەرپێ؛ وەک یەکمیللەت.

بێگومان ئەگەر ئەم مەسەلەیەی زمانی ستاندارد؛ حەسم و بنبڕ نەکرێ، لە داهاتوودا تەنانەت لە عێراقیشدا دەبێتە گرفتێک، بەو پییەی زمانی ڕەسمیی دووەمە و خەڵکی دەبێ فێری بن، گەلۆ ئەوسا بەغداییەک و بەسراییەک کام لەهجە فێر بن، سۆرانی یان بادینی؟ بیجگە لەوەی ناوەکەش هێدی هێدی لە بۆتەی لەهجەوە دەردەچێ و دەچێتە نێو مەنجەڵی زمانەوە، واتە دەبێتە زمانی بادینی و زمانی سۆرانی، وەک چۆن ئێستە دەستی پێ کردووە. گومانیش لەوەدا نییە، ڕۆژێک لە ڕۆژان واقیعێک خۆی دەهێنێتە پێشەوە، تێیدا زمانگەلێکی دیکەش کە پێشترێ کوردی بوون، ئەوانیش جاڕی جوودابوونەوە دەدەن. کە بوو بە دوو؛ دەشبێ بەسێ و خەڵکی بۆی (دێنە جەوەلان هەروەکوو حاجی لە تەوافا). بەندە ترسم لە و نەخشە یە هە یە ، کە بۆ لەهجەکانی کوردیی کێشراوە و واقیعیی نییە، چونکە دەریای هەموو زمانێک پڕیەتی لە شێوەزار و لە هەموو زمانێکیش لەهجەی وا هەیە هەموو کەس تێی ناگات، وەلێ حەیف و مخابنم بۆ ئەوەیە دەسەڵاتیکمان نییە دەرکی مەترسیی خوێندن بە دوو لەهجە بکات.. تەنانەت سۆماڵ کە وڵاتی لەهجە و شێوەزاری ئاوەهایە کە بۆ زۆران نەزیلۆکەن، کەچی یەک زمانی ستانداردی تێدا فەرز کرا و پەیتاپەیتا هەمووش پێی قایل بوون. زاتەن ئەگەر زۆربەی کیشەکانی ژیان بەتەواوی ڕیشەکێش نەکرێن و بەردەوام کێشەی دیکە بزێن، ئەوە گرفتی زمان تەنیا یەکجارە، کە بڕیارت دا دایسەپێنی، دوای نەوەیەک، خۆڕسک، ئاڕاستەی خۆی وەردەگرێ و هەر دێ جوانتر خۆی دەنوێنێ، چ لە بەتلیس و چ لە حەمرینێ. خۆ ئێمەش ئاوەها بووین، وەلێ قوڕمان بۆ

خۆمان گرتەوە و لەهەموو شتێک بووین. لەدوایي نەک بەدوایی ( أخيرا وليس آخرا )،جارێکیان پرۆفیسۆری سوێدیم (یان رێتسۆ) لە زانکۆی یۆتۆبۆریدا، کە پێش 30 ساڵ سەردانی کوردستانیشی کردبوو، کاتێ باسی جوگرافیای زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دەکرد، سەبارت بە لەهجەگەلی عەرەبی و فارسی و تورکی وتی: بەهەبوونی ستاندارد لە زمانەکاندا؛ خەڵکەکە لە پرۆسەی لێکگەیشتندا ڕووبەڕووی زەحمەتییەکی ئەوتۆ نابنەوە، بەڵام کوردەکان ئاوەها نین، زەحمەتە لەیەکدی بگەن، بگرە بە زمانی سێیەم لە یەکدی دەگەن. دیسان ڕۆژێکیان مامۆستای زمانی عەرەبی (تێتس ڕووکە) لە زانکۆی نێوبراودا لە پێناسەی زمانی ستانداردا وتی : ئۆستن دال – ی زماننا‌س دەڵێ : زمان ئەو دیالێکتەیە کە سوپا و کەشتیگەل دەیپارێزن.. سا ئاخۆ هێژا( ڕێبوار عەلی) و زانا و دڵسۆزانی کورد، زێتر کار لەسەر ئەو ڕاستییە دەکەن کە دەبێ زمانی ستاندارد زوو بڕیاری لەسەر بدرێ، هاوکات سوپایەک لە یاسا و ڕێسا لەلایەن حکوومەتەوە؛ بۆ پارازتنی، پێکەوە بنرێ، بۆ ئەوەی وەک یەکمیللەت بمێنینەوە چ لە ناوەوەی کوردستان و چ لە دەرێ.؟ بلا چاوەڕوان بین، بزانین چ هەنگاوێ دەنرێ.

mohsinjwamir@hotmail.com

18/01/2010

## سەرەتا :

### بە ناوی خوای بە خشندە و میهرە بان

لەسەرەتای ساڵەکانی هەشتاوە خولیای نووسینی کوردی و بابەتە ئەدەبی و زمانەوانیەکان بووم, هەر لەو کاتەوە دەستم کرد بە کۆکردنەوەی هەر بابەتێکی تایبەت بە ئەدەب و زمانی کوردی و پاشان خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەیان ، لەوکاتەوە هەستم کرد بابەتی زمانی یەکگرتووی کوردستان و زمانی ستانداری کوردی ، باسێکی گرنگ و پڕ بایەخە و لە ڕووی نەتەوەییەوە زۆر پێویستە کورد زمانی ستانداردی خۆی هەبێت . لە دوای راپەڕینە شکۆدارەکەی ساڵی 1991 ی گەلەکەمانەوە و دوای ئەوەی زەمینەیەکی ئازادی بەرپابوو, گەشەکردنو گۆڕانکاری بەرچاو لە ڕەوتی رۆشنبیری و رۆژنامەگەری کوردی هاتە ئاراوە, گرنگی دانم بەم بابەتە زیادی کردو دەستم کرد بە نووسینەوەی تێبینییەکانم و لە ڕێگەی سیمینارو چەند نوسینێکەوە کە لە رۆژنامەوگۆڤارەکان بڵاوم دەکردەوە و ئەم بابەتەم بە کورتە نوسین دەوروژاند. ئەوەی جێگەی سەرنج بوو, قسەکردن لەسەر بابەتی بە ستانداركردنی زمانی کوردی لە پێش راپەڕیندا جێگەی بایەخی رۆشنبیرانی کورد بوو, ئەوکات لەکوردستان زیاتر گفتوگۆی لەسەر دەکرا و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەنوسرا وەك دوای راپەڕین. بۆیە بڕیارمدا ئەم

بابەتــە بکەمــە جێگــەی گرنگــی پێــدانی  خــۆمو زیــاتر نوســراو و بــیرووڕای نووســەرانی کــوردی لــە بــارەوە کۆبکەمــەوە، تــاوەکو لــە ( کۆلیــژی زمــان ) بەشــی کــوردی زانکــۆی ســەلاحەدین وەرگــیرام, ئــەوەبوو هــەر لــە یەکــەم ســاڵی خوێندنــەوە بڕیــارم دا بــاسو لێکۆڵێینــەوەی دەرچــوونم لەســەر ئــەم بابەتــە گرنگــەی زمــانی کــوردی بێــت. ڕۆژانــە لەوانــەکانی زمــانو ئەدەبــدا بــە تامــەزرۆوە گــوێم لــە مامۆســتا بــەڕێزەکان دەگــرت و لــەم بارەیــەوە پرســیار و گفتوگــۆم لەگــەڵ دەکــردن کــە مایــەی دەوڵەمەنــد کردنــی بابەتەکــەم بــوون, هــەروەك لەســەر ئەمبابەتــە چــەند سمینــارێکم لــە کۆلێــژدا پێشــکەش بــە قوتابیــان کــرد.   پاشــان بــە خۆشــحاڵیەوە لــە ژێــر چــاودێری بــەڕێز ( د. ئیــبراهیم عــەزیز ئیــبراهیم) ســەرۆکی بەشــی زمــانی کــوردی ئــەم بابەتــەمان دەســت نیشــانکرد, ســەرەتا لەگــەڵ بــەڕێزی پلانــی لێکۆڵینەوەکــەمان داڕشــت و تــوانیم لــە ماوەیــەکی دیــاریکراودا بابەتەکــە بــە ئاکــام بگەیــەنم ، ئــەوەی مــاوەی چــەند ســاڵ بــوو لــەبیرو مێشــکمدا بــوو  تــوانیم بــە پوختــەکراوی بیانخەمــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــە ڕوو .

لێکۆڵینەوەکــە لــە چــوار بەشــی ســەرەکی پێکهــاتووە و بــە جیــا پــەراوێزم لــەدوای هــەر بەشــێکەوە نووســیوەو ئامــاژەم بــە سەرچــاوەکان کــردووەو لەکۆتایشــدا کــۆی سەرچــاوەکانم بــەووردی دیــاری کــردووە بــەپێی کــاتی دەرچــوون ریزبەنــدم کــردوون ، بەشــەکانیش بــەم شــێوەیەن:  لــە بەشــی یەکەمــدا ( لــە بــارەی مێــژووی زمــان و رابــردوی زمــانی کوردیـیــەوە) بــە

کـــورتی دەربـــارەی گریمانـــەکانی ســـەرهەڵدانی زمـــان و چـــەمکی زمـــان لـــە قورئـانی پـیرۆزدا دواوم و پاشـان بـە پـوختی ئامـاژەم بـە بنـەماو قۆناغـەکانی زمـانی کـوردی کـردووەو, بـیروڕای تایبـەتیم لـە بـارەی هەریـەك لـە و چـەمکانە دەربڕیـوە. لـە بەشـی دووەمـدا ( دیالێکتـەکانی زمـانی کـوردی و زمـانی ئـەدەبی یـەکگرتوو ) م شـیکردۆتەوەو لـە دیالیکتـە سـەرەکیەکانی زمـانی کـوردی و ئـەدەبی یـەکگرتووی کـوردی دوواوم. لـە بەشـی سـێهەمدا (زمـانی سـتانداردی کـوردی لـە ئێسـتا و داهـاتوودا )لـەو دیالێکتانـە دواوم کـە لـە ئێسـتای واقیعـی کوردیـدا ئامـادەیی هەیـەو بـیروڕای هەنـدێك لـە زمانـەوانانی کـوردم لـەم بارەیـەوە خسـتۆتە ڕوو ،لـە کۆتایـدا هەڵسـەنگاندم بـۆ بـیروڕا شـیاوەکان کـردووە. لـە بەشـی چـوارەمدا کـە دوا بەشـی لێکۆڵینەوەکەیـە( ئامـانجی لێکۆڵینەوەکـە)م کـورت و پوخـت کردۆتـەوەو لـە پێـنج خاڵـدا پێشـنیارەکانم بـۆ داهـاتووی زمـانی سـتانداری کـوردی خسـتۆتە ڕوو. هیـوادارم بابەتەکـە جێگـەی ڕەزامەنـدی هـەمووان بێـتو تـوانیبێتم لـە ڕێگەیەوە خزمەتێك بە زمان و وشەی ڕەسەنی کوردی بکەم .

ڕێبوار عەلی ئەحمەد

هەولێر / هاوینی 2006

Rebwar968@yahoo.com

# بەشی یەکەم

# لە بارەی مێژووی زمان و رابردووی زمانی کوردییەوە

زمان یەکێکە لەو دیاردە ئالۆزانەی ژیان, کە تاکو ئێستا بۆ زانایان و پسپۆڕانی زمان بە یەکجاری ساغ نەبۆتەوە, چونکە کێشەی چۆنیەتی پەیدابوونی زمان لە مێژوویەکی زۆر کۆنەوە سەرنجی زمانەوانانی راکێشاوە, خودی زمانەوانەکان دان بەو راستییە دا دەنێن کە زانیاریان دەربارەی دروست بوونی زمان زۆر کەمە, تا ئێستا تیۆرێکی سەلمێنراو لە بارەی دیاردەی سەرهەڵدانی زمان پێشکەش نەکراوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکار, کە گرنگترینیان پاش پەیدابوونی زمانەکانی ئەو سەردەمە, مەڵبەندی زمان لەناوچووە بێ ئەوەی پاشماوەیەکی ئەوتۆ بەجێ بهێڵێت, بەهۆی دانەهاتنی هونەری نووسینەوە, ئەوەی لەم بوارەدا پێشکەش کراوە بریتی یە لە خستنەڕوی چەند بیردۆزە و گریمانەیەك. بۆ چۆنیەتی سەرهەڵدانو دروست بوونی زمان, لێرەدا پوختەی ئەو گریمانو بۆچوونانە بە کورتی دەخەینە ڕوو:

1 -گریمانەی دەنگە سروشتیەکان:

بەپێی ئەم گریمانەیە زمان لە دەنگە سروشتیەکانەوە دروست بووە، واتە مرۆڤ سەرەتا لاسایی دەنگە سروشتیەکانی کردۆتەوە پاشان کەوتۆتە دوانو قسەکردن. ئەم گریمانەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارو پێنجی پێش زایین, واتە لە بیرەکانی (ئەفلاتون) دا هەبووە و لە سەدەی حەڤدە و هەژدەدا لەلایەن (لایبینز)ەوە پشتگیری کراوە, لە سەدەی نۆزدەشدا لایەنگری وەك (داریۆن)ی هەبووە.

2 -گریمانەی بانگ و قیژەی هەست دەربڕین:

ئـــەم گریمانەیـــە لـــە ســـەدەی نـــۆزدە دا لەلایـــەن زانـــای ئـــەڵمانی (شـــتاینالێ) و دەســـتەیەکی زانایـــانی تـــرەوە خرایـــەڕوو, باوەڕیـــان وابـــوو زمـــان لـــەو دەنگـــە غەریزیانـــە پەیـــدابووە کـــە مـــرۆڤ بـــۆ دەربڕینـــی خۆشی و ناخۆشی بەکاری هێناون.

3 -گریمانەی بزاوتن:

هەنـــدێك زمانـــەوان لـــەو بـــاوەڕەدان ســـەر لەقانـــدن و دەســـت جوڵانـــدن, زۆر لـــە پـــێش قســـەکردن هاتوونەتەکایـــەوە , زانایـــان (فـــۆنتی) ئـــەلمانی و (مـــاری) روســـی پشـــتگیری ئـــەم بۆچـــوونە دەکـــەن و لایـــان وایـــە، لـــە یـــەکتر گەیشـــتن لـــە بنەڕەتـــدا لـــە شـــێوەی بـــزاوتن بووەو ئینجا بووە بە زمانی ئاسایی.

4-گریمانەی مۆسیقا:

بـــەپێی ئـــەم گریمانەیـــە زمـــان لـــە گۆرانیـــەوە هـــاتووە , یـــان هـــەردووکیان لـــە یـــەك بنچـــینە دروســـت بـــوون، ســـەرەتا زمـــانی مـــرۆڤ بریتـــی بـــووە لـــە گۆرانییـــەکی بـــێ ووشـــە، واتـــە بـــە تـــەنها ئـــاواز بـــووە بـــۆ مەبەســـتی هەســـت دەربـــڕین, پاشـــان گـــۆڕاوە بـــۆ وشـــەی درێـــژو پـــڕ لـــە دەنگـــی قـــوەڕس. ئـــەم گریمانەیـــەش کـــاتی خـــۆی لەلایـــەن (یسپرسن)ەوە خرایە ڕوو.

5-گریمانەی پەیوەندی کردن:

ئـــەم گریمانەیـــە لەلایـــەن (ریفـــز)ەوە خراوەتـــە ڕوو, بـــە بۆچـــوونی ئـــەو زمـــان لـــە ئـــەنجامی ئـــەو غـــەریزە بەتینـــەوە دروســـت بـــووە , کـــە مـــرۆڤ هەیـــەتی بـــۆ پەیوەنـــدی کـــردن بـــە دەوروبەریـــەوە. ئـــەم

غەریزەیـــەش بـــە چـــەند قۆناغێکـــدا تێپـــەڕیوە, قۆنـــاغی هـــاوار و قیـــژە, قۆنـــاغی بـــانگ کـــردن, قۆنـــاغی وشـــە, بـــەکار هێنـــانی دەنگـــەکان وەك هێما, کە ئەمەش هەر لە توانای مرۆڤدا هەیە.(1)

6–بیروباوەڕی ئاینی:

ئـــاینیش وەك بەشـــێك لـــە پێکهاتـــەی ژیـــانی مـــرۆڤ, لـــە بـــارەی زمانـــەوە تێڕوانینـــی تایبـــەتی خـــۆی هەیـــە. بـــە پێـــی بیروبـــاوەڕە ئاینیـــەکان , زمـــان شـــتێکی پـــیرۆزە و بەخششـــێکی خواییـــەو هـــەر ئـــەو توانـــای فێربـــوونی زمـــانی بـــە مـــرۆڤ بەخشـــیوەو فێـــری ئاخـــاوتن و قسەکردنی کردووە. (2)

ئەمـــە پوختـــەی ئـــەو بـــیردۆزە و بۆچـــوونانەیە لـــە بـــارەی دروســـت بـــوون و ســـەرهەڵدانی زمانـــەوە خراوەتـــە ڕوو, بـــەڵام ئـــەوەی بـــەلای ئێمـــەوە گونجـــاوەو بـــە ڕاســـتییەی دەزانـــین، کـــە بنـــەمای لێکۆڵینەوەکـــەمانی لەســـەر بینـــا بکـــەین, بیروبـــاوەڕی ئاینیەیـــە کـــە لـــە دوتـــوێی دەقـــەکانی قورئـــانی پـــیرۆزدا ســـەبارەت بـــە زمـــان باســـکراوەو بۆچـــوونە زانســـتی یـــەکانیش پشـــتگیری لـــێ دەکـــەن, هـــەروەك (د. یوســـف شـــەریف) دەڵێـــت: (لـــە ئـــەنجامی ئـــەو لێکۆڵینەوانـــەی لەســـەر دروســـت بـــوونی زمـــان کـــراون بۆمـــان ســـاغ دەکەنـــەوە, کـــە تـــا ئێســـتا بیردۆزەیـــەك دەربـــارەی دروســـت بـــوونی زمـــان نەخراوەتـــە ڕوو, ئـــەوەی بەرچـــاو دەکـــەوێت هـــەمووی گریمانەنـــە لـــە هەنـــدێك لـــەو گریمانانـــە دا بۆچـــوونێكو ئاماژەیـــەك بـــەدی دەکرێـــت کـــە زمـــان خـــۆکرد نـــەبێ. لێکۆڵینـــەوە نوێکـــانیش هـــەموو دان بـــەو ڕاســـتییە دادەنـــێن کـــە تـــەنها مـــرۆڤ توانـــای قســـەکردنی هەیـــە, (سوســـێر) و (چۆمســـکی)ش ئـــەم راســـتییە دەســـەلمێنن, کـــە مـــرۆڤ کاتێـــك لـــە دایـــك دەبـــێ توانـــای فێربـــوونی زمـــانی تێدایـــە کـــە لـــە

گیانــدارانی تــردا نییــە. کەواتــە زمــان دیــاری خواییــە بــۆ مــرۆڤ, ئــەم دیارییەش لە تەورات و ئینجیل و قورئاندا دەبینرێت). (3)

لــە قورئــانی پــیرۆزدا کۆمــەڵێك ئایــەتی زۆر دەبیــنین کــە لــە بــارەی دروســـت بـــوونی زمـــان و پلـــەو پایـــەو پـــیرۆزی و گرنگـــی زمانـــەوە خراونەتــە ڕوو, بــە چــەند جــۆر و شــێوەیەك, لــە خــوارەوە ئامــاژە بــە هەندێکیان دەکەین: (4)

1-زمــان نیعمــەتێکی خواییــەو ئــەو مرۆڤــی فێــری قســە و دەربــڕین کــردووە ﴿الــرحمن علــم القــرآن, خلــق الانســان, علمــە البیــان ﴾ الرحمن/1-3.

واتــە: خــوای بەخشــندە کــە قورئــانی فێــری پێغەمبــەر کــرد, مرۆڤــی دروست کردو قسەو دەربڕینی فێرکرد.

2-زمــان یەکێکــە لــە بەڵگــە و نیشــانەکانی خــوای گــەورە و بــە ئەنــدازەی دروســت کردنــی ئاسمانــەکان و زەوی گرنگــە: ﴿ومــن آیاتــە خلــق الســموات والارض والاخــتلاف الســنتکم وألــوانکم ان في ذلــك لایات للعالمین﴾ الروم/22

واتـــــە: دروســـــت کردنـــــی ئاسمانـــــەکان و زەوی و جیـــــاوازی زمانــەکانو ڕەنگــەکانتان ، لــە بەڵگــە و نیشــانەکانی (خــوای گــەورەن) بۆ ئەو کەسانەی داناو زانان.

3-خوای گەورە لەسەرەتای دروست بوونی یەکەم مرۆڤەوە کە حەزرەتی (ئادەم)ە, هەموو ناوەکانی فێرکردووە. ﴿وعلم آدم الاسماءکلها﴾ البقرە/31.

واتە: (خوای گەورە) هەموو ناوەکانی فێری (ئادەم) کرد.

له راڤەو شرۆڤەی ئەم ئایەتەدا، مامۆستا (محەممەد ساڵح شەپۆل) دەڵێت:

((ناوەکان کە (جوزئێکن) لە زمان, (کل)ە کە زمانە ـ یا وەك ئیمام (فەخری رازی) ئەڵێ: واتا توانای قسەکردنی پێ دا, یانی زمان مەوهیبەتێکە لە خوداوە بە ئینسان دراوە)). (5)

لەم ئایەتەوە دەردەکەوێت ئادەم وەك مرۆڤێك ئەو بەهرەی پێ دراوە, کە هێمای دەنگی بۆ شتەکانی دەوروبەری دابنێتو ناویان لێ بنێت, کە لە توانای (فریشتەکاندا) نەبووە.

4-لەلای خوای گەورە پلە و پایە و نرخی هەموو زمانەکان وەکو یەکن, چونکە بە زمانی هەموو گەلو نەتەوەکان پەیام و پەیامبەری ڕەوانە کردووە, ﴿**ولقد بعثنا فی کل امة رسولا**﴾ النحل/ 36 ﴿**وما أرسلنا من رسول الا بلسان قومة ليبين لهم**]ابراهيم/4

واتە: بەڕاستی لەناو هەموو گەل و نەتەوەیەکدا پەیام و پەیامبەرمان هەڵبژاردووە. هەر پەیامبەرێکیشمان ناردبێت ئەوا بە زمانی نەتەوەکەی بووە, تاکو لە مەبەستی پەیامەکە بە باشی تێیان بگەیەنێت. (6)

کەواتە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت قورئانی پیرۆز بە شێوەیەکی گشتی گرنگی بە بابەتی زمان داوەو ئەو راستییە نیشان دەدات کە زمان بەخششێکی خواییەو توانای فێربوونی زمانی بە مرۆڤ داوەو کردونی بە چەند گەلو نەتەوەیەکی رەنگ و زمان جودا, کە زمان و ئاخاوتنی هەریەکەیان بەبێ جیاوازی, یەکێکن لە

بەڵگــەو ئایەتــەکانی خــوای گــەورە, هــەر پــەیام و پێغەمبەرێکیشــی بــۆ گــەل و نەتــەوەکانی ســەر زەوی ناردبێــت, کــە پێغەمبــەری لــە نــاو هەموویانــــدا هەڵبــــژاردووە بــــە زمــــانی زگمــــاکی ئــــەو گــــەلو نەتەوانــەبووە, تــاکو بەباشــیو ڕوونــی مەبەســتی پەیامەکــە بگــات بەمرۆڤــەکان. بــەم پێیــە زمــانی کــوردیش یەکێکــە لــە بەڵگــە و نیشــانەکانی خــوای گــەورە و هــەر بــە زمــانی کــوردیش خــوای گــەورە پێغەمبــەر و پــەیامی خــۆی نــاردووە, کــە هەنــدێك لــە نووســراوە مێژووییــــەکان ئامــــاژە بــــەو راســــتییانە دەکــــەن. (7)

پێویســتە بــۆ دۆزینــەوەی دێــرۆك و ڕەگــی مێــژوویی زمــانی کــوردی بگەڕێینــەوە بــۆ ڕابــردوو, لــە ئــەنجامی گــەڕانو پشــکنینی زمانــەوان و رۆژهەلاتناســـەکاندا ئەوانـــەی لەگـــەڵ زمـــانی کـــوردی خـــەریك بـــوون و بـــاس و لێکۆڵینـــەوەیان لەســـەر ئامـــادەکردووە گەیشـــتوونەتە ئەوئەنجامـــەی کـــە زمـــانی کـــوردی ســـەر بـــە زمانـــەکانی (هینـــد و ئــەوروپی)یــە و بنەماڵــەی (هینــدو ئێرانــی) یــە و لــە خێزانــی زمــانی (ئێرانــی)یــەو لەگــەڵ زمــانی (فارســی) دا خزمایــەتی نزیکیــان هەیــە.(8)

ئــەو زمانــە (هینــدو ئــەوروپایی)یــەش کــە زمــانی کــوردی لقێکــە لــەو, ئــــەویش لــــە زمــــانێکی کــــۆنتری پــــێش مێــــژووەوە پەیــــدابووە و پەرەیســەندووە, کــە بــڕوا وایــە لــە هــەزارەی پێنجــەمی پــێش زاینــدا بــاوی بووبێــت و پســپۆران ناویــان لێنــاوە زمــانی بــەرایی (هینــدو

ئـــەوروپایی). ئـــەو زمانـــەش لەگـــەڵ کـــۆچ و ڕەوی ئـــەو گەلانـــەی کـــە قســـەیان پـــێ کـــردووە تەشـــەنەی کـــردووە و بڵاوبۆتـــەوە, کـــە هـــەر لێشـــاوەو ڕویـــان کردۆتـــە هـــەرێمێك لـــە هەرێمـــەکانی جیهـــانی دێـــرین و بەتایبـــەت لـــە کیشـــوەرەکانی ئاســـیاو ئـــەوروپادا زیـــاتر بڵاوبوونەتـــەوە. بەشـــێکیان روویـــان کردۆتـــە ئاســـیای بچـــووك و لـــە چـــیاکانی (زاگـــرۆس) و (ئێـــران) و(کوردســـتان)دا تەشـــەنەیان کـــردووە, پێشـــەنگ و بـــەرایی ئەوانـــەی گەیشـــتوونەتە چـــیاکانی زاگـــرۆس (گۆتیـــەکان) بـــوون, دوابـــەدوای ئـــەوانیش(میدیـــەکان) گەیشـــتوونەتە ئـــەوێ و لـــەناو ئـــەو شـــاخانەدا ئارامیـــان گرتـــووە و نیشـــتەجێ بـــوون, کـــە بـــێ گومـــان ئەمانـــە پێشـــینانی گـــەلی کـــورد بـــوون و زمانەکـــەیان بنچـــینەی ئـــەم زمانـــەی ئێســـتای ئێمـــە بـــووە کـــە پێـــی دەدوێـــین. (9)

هەرچـــی مێـــژووی دێـــرین و کـــۆنی زمـــانی کوردیـــە, زانیـــاری لـــە بـــارەی قۆناغـــەکانی گـــۆڕان و گەشـــە کردنیـــەوە زۆر کەمـــە, بـــەڵام زمانـــەوانانی کـــورد هـــەوڵیان داوە لـــە ڕێگـــەی سەرچـــاوە کـــۆن و زانیـــاری رۆژهەڵاتناســـەکانەوە, بگەنـــە ئـــەو ئەنجامـــەی کـــە زمـــانی کـــوردی بـــە چـــەند قۆنـــاغێکی جیـــاوازدا تێپـــەڕیوە ، تاگەیشـــتووەتە ئـــەم رۆژگـــارەی ئێستامان ، قۆناغەکانیش ئەمانەن:

1–قۆناغی کۆنی زمانی کوردی.

2–قۆناغی ناوەڕاستی زمانی کوردی.

3–قۆناغی دەرکەوتنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی.

4–قۆناغی زمانی ئەدەبی کوردی (زمانی نوێی کوردی).

کــــە دیـــــارە هەریــــەك لــــەم قۆناغانــــەش بەڵگــــە و وردەکــــاری و تایبەتمەنــدی خۆیــان هەیــە. (10) ئــەو قۆناغــەی کــە جێگــەی لەســەر وەســـتان و بـــواری لێکۆڵینـــەوەی ئێمەیـــە, قۆنـــاغی دروســـت بـــوونی زمـــانی ســـتانداردی کـــوردی یـــە، ئـــەویش دەبێتـــە قۆنـــاغی پێنجـــەمی زمـــانی کـــوردی، کێشـــەی لەســـەرەو کـــورد بـــە شـــێوەیەکی فـــەرمی تـــاکو ئێســـــتا زمـــــانێکی یـــــەکگرتوو و ســـــتانداردی نییـــــە و پێشـــــکەوتن و گەشـــەکردنی زمانەکـــەش ئـــەو ئاســـتەی نیـــە ئـــەو قۆناغـــە گرنگـــە بـــەدیبێنێت, کـــە هـــەم لـــە ڕووی سیاســـییەوە بـــۆ گـــەلی کـــورد دەســـتکەوتێکەو هـــەم هۆکـــارێکی کاریگەریشـــە لـــە ڕووی هەســـتی نەتەوایەتییـــەوە بـــۆ یـــەکبوون و یەکپارچـــەیی گـــەلی کوردســـتان, بـــەڵکو لـــە هـــەموو هۆکارەکـــانی تـــر لەپێشـــترە بـــۆ پێکـــەوە بەســـتنی کۆمەڵگـــەی کـــوردەواری لـــە کوردســـتانی گـــەورەدا. هـــەروەك مامۆســـتا (شـــێخ محەمـــەدی خـــاڵ) لـــە بـــارەی (فەلســـەفەی یـــەکێتی کۆمـــەڵ و زمـــان)ەوە دەڵێـــت: (یـــەکێتی زمـــان ریشـــە و شـــیرازەیەکی زۆر قـــاییم, و پەیوەنـــدیی و پەیوەســـتی زۆر بـــەهێزە هـــەر زمانـــە ، کـــە چـــەند تـــیرە و هـــۆز و ئێلێـــك لـــەم پـــەڕو ئەوپـــەڕی وڵاتـــەوە بـــە یەکـــەوە ئـــەیان بەســـتێتەوە. هەرچـــی تـــیرە و هـــۆز و خێـــڵ و نەتـــەوەو بنەچـــەیەك هەیـــە, کـــە هەریەکـــەی لـــە وڵاتێکـــەو هەریەکـــەی لـــە ئاوازێـــك ئـــەخوێنێ, هەریەکـــەی جـــۆرە ئامـــانج و مەبەســـتێکی هەیـــە لـــەژێر یـــەك ئـــاڵادا کـــە یـــەکێتی گەلییـــە گردیـــان ئەکاتـــەوە, بـــۆ یـــەك مەبەســـت رایـــان ئەکێشـــێ

**و ئەیانبات, هێزی پچڕپچڕی پەڕاگەندەیان کۆئەکاتەوە.. لەناو ئادەمیزادا رشتەیەك کە بازنەکەی گەورە و بەرین بێ و مەردومی زۆر بنووسێنێ بەیەکەوە دوو شتە , یەکەم یەکێتی زمان کە باسمان کرد, دووەم یەکێتی ئایین, هیچ گومانێك نیە کە یەکێتی زمان لە یەکێتی ئایین هەمیشەیی ترە). (11) لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت بوونی زمانێکی یەکگرتوو بۆ کورد و چەسپاندنی بنەماکانی زمانی ستانداری کوردی پێویستییەکی بنەڕەتی و هۆکارێکی گرنگە تەنانەت لە هۆکاری ئایینیش لەپێشترە, بۆ یەکبوونی گەل و خاکی کوردستان, کە لە وێشەوە دەبێتە هەوێنو مل دەکێشێت بەرەو دروست بوونی دەوڵەتی کوردیو کۆماری سەربەخۆی کوردستان لەداهاتوودا .**

## پەراوێزەکان بەشی یەکەم :

1 - محەممەد مەعروق فەتاح (زمانەوانی) هەولێر/1990. لا/9-12.
2 - د. عەبدوڵلا حوسێن رەسول (وانەکانی زمانەوانی) قۆناغی سێهەم کۆلێژی زمان/ بەشی کوردی زانکۆی سەلاحەدین. 2004
3 - یوسف شەریف (زمان خۆکردە یاخود خواکردە؟) گۆڤاری ( پەیامی راستی) سلێمانی/ 1993 ژمارە17 لا/ 38-41.
4 - زۆرجار بە هەڵە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز لە بارەی (زمان)ە وە لێك دەدرێتەوە, بەپێویستم زانی لێرەدا ئاماژەیان بۆ بکەم و راڤەی دروستیان بکەم.
5 - محەممەد ساڵح ئیبراهیمی محەممەدی (شەپۆڵ) (ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی, یا گەنجینەی فەرهەنگ و زانست) تاران/ 1364 ی هەتاو لا12.
6 - بڕوانە (تفسیر الجلالین) چاپی بیروت/1960 لا335.
7 - بڕوانە (زاراوەسازی پێوانە) مەسعودمحمەد لا 379 بەغداد/1988 هەروەها(ئایین و باوەڕ لە کوردستاندا) گەریدە کەریم زەند سلێمانی/1971 لا12.
8 - تۆفیق وەهبی (بنەچەکەی کوردان و بنچینەی زمانی کوردی) وەرگێرانی , (تەها فەیزی زادە) لا32.
9 - فوئاد حەمە خورشید (زمانی کوردی دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی) وەرگێڕانی حەمە کەریم هەورامی/بەغداد/1985 لا16-18.
10 - محەممەد ئەمین هەورامانی (ڕێبازی مێژووی زمانی کوردی) گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) بەغداد /1990 ژمارە 125 لا56.
11 - شێخ محەممەد خاڵ (ناڵەی دەروون) جزمی دووەم بەغداد/1985 لا47-48.

# بەشی دووەم

# دیالیکتیکەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی یەکگرتوو

زمانەوانـــەکان پێناســـەی دیالێکـــت - زار- بـــەو جـــۆرە دەکـــەن : کـــە شـــێوەو قســـەکردنی کۆمەڵـــە خەڵکێکـــە لـــە نەتەوەیەکـــدا, ئـــەم شـــێوە لێـــدوان و قســـەکردنەش هەرچـــەندە تایبەتمەنـــدی دەنگســـازی و وشەســـازی و رستەســـازی خـــۆی هەیـــە, بـــەڵام لـــە هـــەمان کاتـــدا بەشـــێکە لـــە زمـــانی ئـــەو نەتەوەیـــە و پەیـــدابوونی دیاردەیـــەکی سروشـــتییە, چـــونکە لەبـــەر بـــوونی چـــەند هۆکـــارێکی جـــوگرافی و کۆمەڵایـــەتی و رۆشـــنبیری و سیاســـی لـــە قۆناغێکی مێژووییدا سەردەردەهێنێ و پەرەدەسێنێت.[(1)]

زمـــانی کـــوردیش یەکێکـــە لـــەو زمانانـــەی کـــە چـــەند دیـــالێکتێکی ســـەرەکی هەیـــە و دابـــەش بـــوون بـــۆ کۆمەڵـــە شـــێوەزارێکی جۆراوجـــۆر کـــە لەگـــەڵ یەکـــدا جیاوازییـــان هەیـــە, ئەمـــەش بـــارێکی ئاســـاییەو لـــە پێشکەوتووترین زمانەکانی جیهاندا ئەم دیاردەیە دەبینرێت.

هۆکـــاری ســـەرەکیش لـــە پشـــت دروســـت بـــوونی دیالێکتـــەکانی زمـــانی کوردییـــەوە، هەڵکەوتـــەی جـــوگرافی و بـــاری سیاســـی کوردســـتان بـــووە. لـــە ڕووی جوگرافییـــەوە کوردســـتان ناوچـــەیەکی ســـەختەو جـــۆرە دابڕنێکـــی لـــەنێوان هەرێمەکانـــدا دروســـتکردووە و لـــە ڕووی سیاسیشـــەوە کـــورد دەســـەڵاتێکی یـــەکگرتوو و وڵاتێکـــی ســـەربەخۆی نـــەبووە ، هەرپاچـــەیەکی بەستراوە بەوڵاتێکەوەو کاریکەری لەسە دروست کردووە .

پرۆفیسۆر (مینۆرسکی) لەم بارەیەوە دەڵێت:

" عـــامیلێکی بنجـــی هەیـــە کـــە پیـــاو ســـەری لـــێ ســـوڕدەمێنێ و یـــەکێتی کـــۆنی کـــوردان پیشـــان دەدات, ئـــەویش زمانەکەیانـــە کـــە چـــەندی لـــە هجـــەکانی فـــەرقیان هـــەبێت هێشـــتا لـــەبارەی دەنگـــی و ڕێزمانـــەوە یـــەك زمانـــە و زمـــانێکی ئێرانییـــە, ئەگەرچـــی تـــا ئەندازەیـــەك لەگـــەڵ زمـــانی گەورەی ئێرانی فەرقی هەیە.."[(2)]

هـــەر لـــە مێـــژەوە زمانـــەوانانی کـــورد تێبینـــی دیالێکتـــەکانیان لـــە زمـــانی کوردیـــدا کـــردووەو هـــەوڵی ئـــەوەیان داوە سەرچـــاوەکانی دیـــار بکـــەن و لـــق و پۆپـــەکانی ورد بکەنـــەوە, هـــەروەك گـــەڕۆك و خۆرهەڵاتناســـەکانیش لـــە

دۆزینـــــەوەی  ناونیشــــان و ژمــــارەی دیالێکتـــــەکانی زمــــانی کوردیــــدا قســــەیان کردووە.

هەرچـــــی رۆژهەلاتناســــــەکانن لــــــە دەستنیشــــــانکردنی دیالێکتــــــەکانی زمــــانی کوردیــــدا کەوتوونەتـــــە جۆرێــــك لــــــە هەڵـــــەوە, وەك ئـــــەوەی کـــــە هەندێکیان شێوەزاری (هەورامی) بە بەشێك لە زمانی کوردی نازانن.

زمانەوانـــــە کوردەکـــــانیش بـــــیرورای جیاوازیـــــان هەیـــــە  لـــــە چـــــۆنیەتی دابـــــەش بـــــوون و وردکردنـــــەوەی دیالێکتەکانـــــدا,  دیــــارترینی ئەوانـــــەیش: (زانـــا: تۆفیـــق وەهبـــی بـــەگ, د. جـــەمال نەبـــەز, د. کـــەمال فوئـــاد, د. فوئـــاد حەمـــە خورشـــید)ن کـــە هەریەکـــەیان پـــۆلێنکردنێکی جیاوازیـــان هەیـــە بـــۆ هەر یەك لە دیالێکتو شێوەزارەکان.[3]

بـــە بۆچـــوونی ئێمـــە ئەمـــەی دواییـــان پاڵفتـــەی بیروڕاکـــانی هـــەموویانی کـــردووەو زانســـتیانەتر لـــە بابەتەکـــەی کۆڵیوەتـــەوە  ئـــەم دابەشـــکردنەی وا لـــە خـــوارەوە خراوەتـــە بەرچـــاو لـــە هـــەموو جـــۆرە دابەشـــکردنێکی دیالێکتـــە ســـەرەکیەکانی زمـــانی کـــوردی بـــەجێترەو لەگـــەڵ راســـتییەکانی زمانەوانیـــدا رێکدەکـــەوێت و لـــە رووی هـــەلو مـــەرجی جوگرافیشـــەوە تـــەواو گونجـــاوە, کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

1- دیـــالێکتی کرمـــانجی بـــاکوور: کـــە لقـــە دیالێکتـــە ناوچـــەییەکانی (بایەزیـــد, هـــەکاری، بۆتـــانی, شـــەمدینانی, بەهـــدینانی, دیـــالێکتی رۆژئـــاوا) دەگرێتەوە.

2- دیـــالێکتی کرمـــانجی ناوەڕاســـت: کـــە لقـــە دیالێکتـــەکانی (مـــوکری, سۆرانی, ئەردەلانی, سلێمانی, گەرمیانی) دەگرێتەوە.

3- دیـــالێکتی کرمـــانجی باشـــوور: کـــە لقێکـــە لـــە دیالێکتـــەکانی (لـــوڕی رەسەن, بەختیاری, مامەسەنی, کۆهگلۆ, لەك، کەڵهوڕ) دەگرێتەوە.

4- دیـــالێکتی گـــۆران: کـــە لقـــە دیالێکتـــەکانی (گـــۆرانی رەســـەن, هەورامانی, باجەلانی, زازا) دەگرێتەوە.

هەرچـــی چـــۆنییەتی دابەشـــبوونی جوگرافیـــایی دیالێکتـــەکانی زمـــانی کوردییـــە بەســـەر خـــاکی کوردســـتاندا, ئـــەوا دیـــالێکتی کرمـــانجی بـــاکوور لـــە

بەشەکانی باکوور و باکووری رۆژئاوای کوردستاندا بڵاوە, کرمانجی ناوەڕاستیش ناوچەکانی ناوەوە و ناوجەرگەی کوردستانی گرتۆتەوە, کرمانجی باشووریش دامێنی باشوور و باشووری خۆرهەڵاتی کوردستانی بە جاریێ داپۆشیوە, بەڵام دیالێکتی گۆران لە هەردوو هەرێمەکەی دیالێکتی باکوور و هی ناوەڕاستدا, پچڕ پچڕ بڵاوبۆتەوە.[4]

سەرجەم ئەم دیالێکتانەی زمانی کوردی، ئەگەرچی جۆرێك لە لێکدابڕانیان پێوە دیارە بە تایبەت شێوەزارەکانی (لوڕی) لەم پەڕ و (زازا) لەوپەڕی کوردستان, بەڵام هەریەکەیان نرخ و بەهای تایبەتیان هەیە و بە جۆرێك لە جۆرەکان خزمەت بە فەرهەنگ و زمانی نەتەوەیی کورد دەکەن و سامانی کلتوور و کەلەپووری کوردیان هێندەی تر دەوڵەمەند کردووە. (گومان لەوەدا نەماوە کە نەتەوەی کورد لە فۆلکلۆردا یەکێکە لە نەتەوە هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهان, هەروەك بوونی چەند دیالێکتێك هێندەی تر دەوڵەمەندی کردووە)[5] و فرەچەشنی و هەمە جۆری بە فۆلکلۆر و کەلەپووری کوردی بەخشیوە و بووە بە سەرچاوەیەکی رەسەنی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی...

لە سەردەمێکدا کە کوردی زیاتر زمانی ئاخاوتن بوو، جیاوازی شێوە ناوچەیی یەکانی ئەو زمانە کێشەیان دروست نەدەکرد، بەلام لەساڵانی دەوروبەری رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییدا، کاتێك کەمەسەلەی پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ ئەرکێکی لەتوانادابوو، بوونی نوسینی زمانێکی ستاندارد پێویستیەکی زۆر هەست پێکراو بوو(6)، ئەوکاتەهەستکرا کورد پێویستی بەوەهەیە وەك گەلانی تری جیهان زمانێکی کۆو و یەکگرتوویی هەبێت .

لە مێژووی گەلانی جیهاندا سەرەتای دروست بوونی زمانی ستاندارد، لە سەرهەڵدانی زمانی ئەدەبی یەگگرتووی ئەو گەلانەوە سەری هەڵداوە، دەسەڵاتێکی سیاسی لە پایتەختی ئەو ولاتەدا پشتگیری لێکردووەو بەڕەسمی ناساندوێتیو کاری پێکردووە هەرچی زمانی یەکگرتووە، بەوزمانە دەوترێت کە لە تێکەلاوبوونی چەند دیالێتکێکی ئەو زمانەوە، یاخوود لەسەر بنچینەیی یەکێك لە دیالێتکەکان بنیاد دەنرێتو زۆرجار پوختە کراوی زمانی قسە کردنە.

ئەم زمانە دەبێتە زمانی نوسینەوەو خوێندنەوەو ئەدەبیاتو پشت بەهەموو سەرچاوەکانی گەشەکردنی زمان دەبەستێتو پاشان دەوڵەمەند دەبێتو بەرەو پێش دەڕوات.(7) ئەو زمانە یەکگرتووەش، سەرەتا لە ڕێگەی کتێبێکی ئاینی یاخوود دەقێکی ئەدەبی بەرزەوە سەرهەڵدەدات و پاشان دەچەسپێتو بڵاو دەبێتەوە...

بۆ نمونە: (قورئانی پیرۆز) لە لای عەرەبەکان بووە هۆکاری لە دایك بوونی زمانی یەکگرتوو لەلای سەرجەم گەلانی عەرەب. لای ئینگلیزەکان شیعرەکانی (شکسپیر)و لەلای ئیتالیەکان بەرهەمەکانی (دانتی) بوونە سەرهەڵدانی زمانی یەکگرتوو لەلای ئەوگەلانە.. لای فارسەکان خاکی (شیراز) کەمەڵبەندی شارکارە ئەدەبیەکانی شیعری(حافز)و پەخشانی(سەعدی)بوو، بووە سەرچاوەی زمانی یەکگرتوو لە ئێران..

زمانی ئەدەبی یەکگرتوو لە لای کورد جیا لە ئەزموونی گەلانی تر تایبەتمەندی خۆی هەیە, چونکە کورد دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەبووە و بەسەر چەند وڵاتێکدا دابەشکراوە و هەردەم لەبەر هەڕەشەی شالاوی لەناوچوون و توانەوەدا بووە, چ جای ئەوەی زمانێکی یەکگرتووی هەبێت.

مێژووی ئەدەبیاتی کوردی چەند ئەزموونێکی پەیدابوونی زمانی ئەدەبی یەکگرتوومان بۆ دەگێڕێتەوە ، کە چەند هەنگاو بەرەو پێشەوە چووە, بەڵام ئەو کۆسپ و ناسۆرییانەی بەسەر نەتەوەی کورددا هاتوون, بوونەتە هۆی کزکردن یان دامرکاندنەوەی ئەو ئەزموونانە کە پاش ماوەیەك لە شوێنێکی تری وڵاتەوە سەری هەڵداوەتەوە. بۆیە دەبینین گەشەسەندنی ئەدەبیاتی کوردی هەمیشە پابەند بووە بە بەرەو پێشچوونی باری سیاسی کورد و دەسەڵاتی خۆجێیەتی و بزاڤە نەتەوەییەکانیەوە.

ئەگەر لە ڕوانگەی دیالێکتەکانی زمانی کوردییەوە سەیری سامانی ئەدەبی و زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی بکەین, لەناو دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا دوو دیالێکتی سەرەکی دەبینین کە لەسەرەتای گەشەسەندنیانەوە هەتاکو ڕۆژگاری ئێستامان بەردەوامن

و باڵیـــان بەســـەر زۆربـــەی دیالێکتـــەکانی تـــردا کێشـــاوە, کـــە ئەوانـــەش دیالێکتی کرمانجی باکوور و دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستن.[8]

هەرچـــی دیالێکتـــەکانی (کرمـــانجی باشـــوور و گـــۆران)ن, ئـــەوا بـــۆ ماوەیـــەك بەرهـــەمی ئـــەدەبیاتیان گەشـــەی ســـەندووە و چـــەندین شـــاعیری نـــاوداری کـــورد شـــیعریان بـــەو دیالێکتانـــە نووســـیوە, بـــەڵام درێـــژەیان نەکێشـــاوە و لەگـــەڵ گۆڕانکارییـــە سیاســـیەکاندا کزبـــوون و کشـــاونەتە دواوە.لەســـــەردەمی نۆێشدانووسەرانیســـــەربەو دیالێکتانـــــە پاپەنـــــدی دیـــالێکتی کرمـــانجی ناوەڕاســـت بـــوون و وەك زمـــانێکی ســـتاندارمامەڵەیان لەگـــەڵ کـــردووە . بەپێچـــەوانەوە دوو دیالێکتەکـــەی تـــر درێـــژەیان بـــە مانـــەوەی خۆیانـــداوە و هەریەکـــەیان بەئاســـتی جیـــاواز لـــەوی دی لـــە بەشـــێکی کوردســـتاندا ڕۆڵ و کاریگـــەری خۆیـــان هـــەبووە. لـــە خـــوارەوە بـــە کورتی ئاماژەیان بۆ دەکەین:

یەکەم/ دیالێکتی کرمانجی باکوور:

بەرهـــەمی ئـــەدەبی بـــەم دیالێکتـــە ســـامانێکی گـــەورەی نەتەوەییـــە و لەمێـــژووی ئـــەدەبی کوردیـــدا شـــوێن و پلـــەو پایـــەی شایســـتەیان هەیـــە, شـــاکارە ئەدەبیـــەکانی کرمـــانجی بـــاکوور لەســـەدەی پـــانزە و حەڤـــدەدا هاتوونەتـــە ئـــاراوە, دیـــارترین شـــاعیرانی ئـــەم دیالێکتـــەش: (مـــەلای جزیـــری, فـــەقێ تـــەیران, عـــەلی هـــەریری, ئەحمـــەدی خـــانی ، مـــەلای باتـــەیی ، شـــاپرتەوی هـــەکاری ...هتـــد ) ، کـــە لقـــە دیـــالێکتی (بۆتـــان)ی کردۆتـــە بنـــەما و بنچـــینەی نووســـینی بەرهەمـــە ئەدەبیـــەکان.ئـــەوەش دەگەڕێتـــەوە بۆکاریگـــەری میرنشـــینی بۆتـــان کەپایتەختەکـــەی شـــاری جزیـــرە بـــووەو مەڵبەنـــدی شاســـتانی و کلتـــووری بـــووە لەوکاتـــەداو بووەتـــە چـــەقی پەیـــدابوون و پەرەســـەندنی ئـــەدەبیاتی کـــوردی بـــەدیالێکتی کرمـــانجی بـــاکوور و زمـــانی نووســـین لـــەو ســـەردەمەدا .. هـــەروەك یەکـــەمین ڕۆژنامـــەی کـــوردی کـــە ڕۆژنامـــەی (کوردســـتان)ە و ســـاڵانی ( 1898– 1902 ) لـــە لایـــەن (میقـــداد مەدحـــەت بـــەدرخان)ەوە بـــەم دیالێکتـــە بڵاوبۆتـــەوە. (نرخـــی ئـــەم ڕۆژنامەیـــە هـــەر لـــەوەدا نییـــە کـــە یەکـــەم ڕۆژنامەیـــە بـــە زمـــانی کـــوردی دەرچـــووبێت, بـــەڵکو نرخێکـــی مێـــژوویی و سیاسیشـــی هەیـــە.)[9] هـــەروەك نووســـینەکانی (مـــەلا مـــەحمودی بایەزیـــدی) نرخـــی گـــەورەیان

هەیـــە. (گـــەلی کـــورد لـــە پاراســـتنی گـــەلێك لایـــەنی بـــە نرخـــی ســـامانی روناکبیریدا تا رادەیەکی زۆر قەرزاری مەلا مەحمودی بایەزیدییە.)[10]

لـــە مێـــژووی ئـــەدەبی هاوچەرخیشـــماندا هـــەرگیز نـــاتوانین رۆڵـــی گـــەورەی (عـــەرەبی شـــەمۆ, قـــەدری جـــان, جگـــەرخوێن) فـــەرامۆش بکـــەین کـــە هـــەر بـــەم دیالێکتـــە بەرهـــەمیان بڵاوکردۆتـــەوە. ئـــەدەبی کـــوردی بـــەم شـــێوازە هـــەتا ڕۆژگـــاری ئێســـتمان درێـــژەی هەیـــە، ئەگەرچـــی رەوشـــی سیاســـی لـــە بـــاکووری کوردســـتان لـــە بـــار نـــەبووە, بـــەڵام نووســـین و بەرهـــەمی ئـــەدەبی ئەگـــەر کـــەمیش بووبێـــت نەوەســـتاوە و لـــەم ســـاڵانەی دواییدا ڕوو لە گەشەکردنی زیاتر کردووە .

دووەم/ دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست:

بەرهـــەمی ئـــەدەبی بـــە دیـــالێکتی کرمـــانجی ناوەڕاســـت لـــە ســـەدەی نۆزدەهەمـــەوە دەســـتی پـــێ کـــردووە, ســـەرەتاکەی بـــە لقـــە دیـــالێکتی (ســـلێمانی) ســـەری هەڵـــداوە و گـــەلێك ناوچـــەی کوردســـتانی گرتۆتـــەوە. هۆکـــاری ســـەرەکی ئـــەوەش بـــۆ بنیادنـــانی شـــاری (ســـلێمانی) لـــە ســـاڵی 1874 لەلایـــەن (ئیـــبراهیم پاشـــای بابـــان) دەگەڕێتـــەوە, لەگـــەڵ دروســـت بـــوونی شـــاردا بابانیـــەکان گرنگیـــان بـــە چـــەندین لایـــەنێکی شارســـتانی دا, کـــە بـــووە مایـــەی گەشـــە ســـەندنی شـــارەکە و بڵاوبوونـــەوەی ئـــەدەب و رۆشنبیری تیایدا, کە جێگەی ئاماژە پێکردنە، لەوانە:

1–دروســـت کردنـــی چـــەندین مزگـــەوت و خانـــەقا و حـــوجرەی خوێنـــدن لـــە ســـلێمانی و دەوروبـــەری کـــە بوونـــە بنکـــەی زانیـــاری و رۆشـــنبیری لـــەو سەردەمەدا.

2–هـــەر میرێکـــی بابـــان هاتبێـــت خزمـــەت کردنـــی مامۆســـتا و پیـــاوی ئـــایینیو زانایـــانی لـــە پـــێش هـــەموو شـــتێکەوە دانـــاوە. بۆیـــە بـــە هـــۆی ئـــەو خزمـــەت و هاندانـــەوە, چـــەندین زانـــای گـــەورە لـــە شـــاری ســـلێمانی ســـەریان هەڵـــداوە، لەوانـــە:(شـــێخ مـــارفی نـــۆدێ, مـــوفتی زەهـــاوی, مـــەلا خـــدری نـــالی, مـــەلا عەبـــدوڵڵای خـــەرپانی, مـــەولانا خالیـــدی نەقشـــبەندی, کـــاك ئەحمـــەدی شێخ...هتد).

3–دەســـــتگرۆیی پیشەســــازی و دەســــت ڕەنگینیــــان, کـــــە بــــە هۆیــــەوە گـــــەلێك چەخماخســـــاز و پیشەســـــازی بـــــەناوبانگ پێگەیشـــــتن و چـــــەندین پیشـــــەی وەکـــــو (ســـــابوون دروســـــت کـــــردن, ڕســـــتن و چـــــنین، جـــــۆلایی, موتابخانــــە, چەخماخســــازی، پــــرۆژەی زێــــراب, دروســــتکردنی کــــارێز..هتــــد) لە شاردا بڵاوبووەوە.

4–ڕێزگرتنــــی شــــاعیر و ئــــەدیبان و کۆمــــەکی کردنیــــان وەك: (مســــتەفا بــــەگی کــــوردی, ئــــەوڕەحمان بــــەگی ســــالم, مــــەلا خــــدری نــــالی, شــــێخ ڕەزای تاڵەبانی, حاجی قادری کۆیی, عەلی بەردەشانی).

5–هــــەروەك میرەکــــانی بابــــان توانییــــان تــــا چــــەند ســــەدەیەك پارێزگــــاری لــــە میرنشــــینەکەیان بکــــەن, کــــە ئــــەوەش لەچــــاو تەمــــەنی ســــەرجەم میرنشینە کوردییەکانی تردا، تەمەنێکی درێژ بوو.(11)

بــــێ گومــــان لــــەو زەوییــــە بــــە پیتــــەداو لــــەو مەیدانــــە پێشــــکەوتووەدا جووڵــــەو بزاڤێکــــی ئــــەدەبی تــــازە بــــەرپا بــــوو, گــــزنگ و مەشــــخەڵی پــــەیڕەوێکی ئــــەدەبیی تــــازە لــــە (ســــلێمانی) یــــەوە ســــەری هەڵــــداو بــــوو بــــە ڕووناکییــــەك کــــە تــــاکو ئێســــتا بەردەوامــــە و بەشــــی زۆری کوردســــتانی گرتۆتــــەوەو لــــە ڕووی زمانــــەوە بــــووە بــــە زمــــانی ئــــەدەبیاتی ئەوانــــەی بەســــێ دیالێکتە سەرەکییەکەی تر دەدوێن.

ئــــەو دیالێکتــــە کوردییــــەی لــــە ســــەرەتاوە شــــیعری (نــــالی و ســــالم و کــــوردی) پــــێ نووســــراوە, ئەگــــەر لــــە ڕووی ناوەڕۆکــــەوە گــــەلێك دیمــــەنی لــــە ئــــەدەبیاتی کوردیــــدا نــــەمابێت, فــــۆرمی ئــــەدەبیاتی ئــــەمڕۆمان هــــەر بــــەرەو پێشچــــوونی مێــــژووی فــــۆرمی ئــــەدەبیاتی ئــــەو قوتابخانەیەیــــە, کــــە بــــە ســــەدان شــــاعیرو ئــــەدیبی گــــەورەی کــــورد بەرهــــەمی ئــــەدەبی پــــێ تۆمــــار دەکــــەن و هــــەتاکو ئێســــتاش لــــە پێشــــکەوتن و بەردەوامیدایــــە و زۆر زیــــاتر لــــە ئــــەدەبیاتی کرمــــانجی بــــاکوور چــــووەتە پێشــــەوە و بــــە لای هەنــــدێك لــــە توێــــژەرانی کــــوردەوە ئێســــتا بووەتــــە زمــــانی ئــــەدەبی یــــەکگرتووی کــــوردی. هــــەروەك (د. عیــــزەدین مســــتەفا رەســــوڵ) دەڵێــــت: " هەنــــدێ کــــەس لای وایــــە زمــــانی ئــــەدەبی یــــەکگرتوومان نییــــە, وا دەزانم زۆرتــــری شــــارەزایان، ئەوانــــەی زانســــت دەکــــەن بــــە چــــرای بیــــنین، لــــە ســــەر ئــــەو ڕایــــەن کــــە زمــــانی ئــــەدەبی لــــە ســــەدەی نۆزدەهەمــــەوە دەســــتی کــــردووە بــــە دروســــت بــــوون و ڕێگەی خۆی گرتۆتە بەرو لە گەشەسەندندایە." (12)

زۆری بەرهەمی ئەدەبی و پێشکەوتنی رەوتی رۆژنامەگەریی کوردی بە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست بەڵگە نەویستە، بە جۆرێکە بووەتە سامانێکی نەتەوەیی و گەورە و بێ هاوتای کلتووری کوردی, تەنانەت سەرنجی توێژەرە بیانییەکانیشی بۆ ئەم ڕاستییە ڕاکێشاوە، کەسێکی وەکو (د. زەریێ یوسوپۆڤا) لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لەسەر زمانی کوردی ئەنجدامی داوە دەڵێت: " لە دیالێکتی خواروو (شێوەی سلێمانی)دا بەرهەمێکی دەوڵەمەندی هونەری و زانستی و وێژەیی هەیە.., کە ئەمڕۆ بە پێشکەوتووترین شێوەی وێژەیی زمانی کوردی عێراق دادەنرێت." (13)

لە دوماهی ئەم بەشەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بەرهەمی ئەدەبی بە هەر چوار دیالێکتەکەی کوردی تۆمارکراون و هەریەکەیان لە قۆناغێکی مێژووییدا هەوڵیان داوە پەل بکێشن بۆ ئەوەی ببنە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی, بەلاّم لەبەر کۆمەڵێك هۆکاری خودی و بابەتی گەڕاونەتە دواوە و تەنها دوو دیالێکتی زمانی کوردی درێژەیان بەشێوەی خۆیان داوە و هەتاکو ئێستاش بەرهەمی ئەدەبییان پێ تۆماردەکرێت.

پێویستە ئەو ڕاستیەش بخەینە ڕوو ، کە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستە ئەگەرچی لە ڕووی مێژووییەوە درەنگتر لە کرمانجی باکوور بووەتە زمانی ئەدەب و نووسین, بەلاّم خاوەنی سامانێکی گەورەی بەرهەمی ئەدەبییە، کە ئەمەش وای لێکردووە پەل بەرەو فراوان بوون بکێشێت و بەرەو ئەوە بڕوات ببێتە بنچینەیەکی بەهێز بۆ بەدیهێنانی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی. بەلاّم ئەمەش وای نەکردووە بتوانێت بە سەر بەرهەمی ئەدەبی دیالێکتی کرمانجی باکووردا زاڵ ببێت و وەکو دیالێکتەکانی تر بچێتە ژێر کاریگەرییەوە.

بەپێچەوانەوە بەلای هەندێکەوە ئەو دوو دیالێکتە زۆر لە یەکتری جیابوونەتەوە, (نکووڵی لەوە ناکرێت کە زمانی کوردی بە شێوەیەکی سەرەکی دابەش بووە بەسەر دوو دیالێکتی سۆرانی و کرمانجیدا کە لە بواری مێژوودا پارێزراون و فاکتەرەکانی واقیعی جیۆپۆلەتیکی پاڵپشتیان بووە تا بوونەتە دوو (زمان)ی نیشتمانیی فەرهەنگی ئەدەبی)(14) .

گەواتە بابەتی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو هێشتا یەگلانەبۆتەوەوکێشەی لەسەرەو ، بابەتی بەستانداردکردنی زمانی کوردی کارکردنی بەردەوام و توێژینەوەی زیاتری دەوێت .

بە تایبەتی لە باشووری کردستان ئێستا کە دەسەڵاتێکی خۆجێی تیادایە دوو شێوەزار کاری دەکرێت . رەوەندی کوردیش لە هەندەران گیرۆدەی کێشەی (سۆرنی — کرمانجی ) یەو ، هیچ ناوەندێکی رۆشنبیری وئەدەبی هێشتا نەیتوانیوە ئەم پرسە یەکلا بکاتەوە و پرۆژەی بۆئامادە بکات ....

## پەراوێزەکان بەشی دووەم :

**(1)** د. کامیـــــل حەســــــەن بەســــیر (زمـــــانی نەتەوایـــــەتی کـــــوردی), بەغدا/1984 ل15.

**(2)** ڤلادیمێرمینۆرســـــکی، (کـــــورد نــــــەوەی مێـــــدەکانن) وەرگێڕانــــــی (د. کـــەمال مەزهـــەر)، لـــە کتێبـــی (بنەچـــەکەی کـــوردان) وەرگێڕانـــی (تاهـــا فەیزی زادە) ل39.

**(3)** د. عەبدولواحیـــد موشـــیر دزەیـــی، وانـــەکانی (زاری هـــەورامی) قۆنـــاغی دووەمـــی بەشـــی زمـــانی کـــوردی کۆلێـــژی زمـــانی زانکـــۆی ســـەلاحەدین. 2005

**(4)** فوئـــاد حەمـــە خورشـــید، (زمـــانی کـــوردی دابەشـــبوونی جوگرافیـــایی دیالێکتەکانی) بەغدا1985 ل38-58.

**(5)** د.عیـــزەدین مســـــتەفا رەســـول، (لێکۆڵینـــەوەی ئـــەدەبی فۆلکلـــۆری کـــــــــوردی) ســـــــــــلێمانی/1979 چـــــــــــاپی دووەم, ل11-12.

**(6)** د. شـــەفیق قـــەزاز، (زمـــانی کـــوردی لـــە نێـــوان یاســـای دەوڵـــەت و گرفتەکانی خۆی)، گۆڤاری (ئەکادێمی) ژمارە(2) ل81. ساڵی 2004

**(7)** د. عیـــزەدین مســـــتەفا رەســـول، (زمـــان و ئـــــەدەبیی یـــــەکگرتوی کوردی) بەغدا،1971, ل13.

**(8)** لێـــرەدا پێچـــەوانەی ئـــەو بیروڕایـــە بووینەتـــەوە کـــە بـــە تـــەنها (دیـــالێکتی کرمـــانجی ناوەڕاســـت) بەتاقـــە دیالێکـــت دەزانێـــت کـــە درێـــژەی کێشاوەو بە تەنها ماوەتەوە.

**(9)** د. کـــەمال فوئـــاد، (کوردســـــتان یەکـــــەمین رۆژنامـــــەی کـــــوردی) بەغدا/1972 بڕوانە پێشەکییەکەی.

**(10)** د. شوكريه رەسول، (زمان و ئەدەبی كوردی) هەولێر/1987, ل30-31.

**(11)** جەمال بابان، (سلێمانی شارە گەشاوەكەم) بەغدا/1992, بەرگی یەكەم, ل104-107.

**(12)** د. عیزەدین مستەفا رەسول، (زمانی ئەدەبی یەكگرتووی كوردی) بەغدا/ 1971, ل12

**(13)**(د.زەریَ یوسوپۆڤا، (شێوەی سلێمانی زمانی كوردی) وەرگێڕانی (د. كوردستان موكریانی) هەولێر/ 2005, ل10-22.

**(14)** د. شەفیق قەزاز، (زمانی كوردی نێوان یاسای دەوڵەت و گرفتەكانی خۆی) لە گۆڤاری (ئەكادێمی)ژمارە2/هەولێر/2004لاپەرە82.

**(15)** جیاوازی نێوان ئەو دوو دیالێكتەی زمانی كوردی ناگاتە ئەوەی بە دوو زمانی جیاواز دابنرێن. ئەگەر زۆر پێ لەسەر جیاوازی نێوان ئەو دوو زارە دابگرین دەتوانین بە دوو دیالێكتی ستاندارد ناویان بەرین نەوەك دوو زمان كە بە تەواوی لەیەكتریان جیا دەكاتەوە. بە پێچەوانەوە ئێستا بەهۆی ئازادبوونی هەرێمی كوردستان و كەناڵە ئاسمانیەكانەوە ئەو تێكەڵاوییەی لە دەرەوەو ناوەوەی كوردستان و لەنێوان پارچەكانی تری كوردستاندا دروست بووە, زیاتر لێكگەیشتن و نزیكی لەنێوان ئەو دوو دیالێكتەدا دروست بووە .

# بەشی سێیەم
# زمانی ستانداردی کوردی لە ئێستاو داهاتوودا

**کێشـــەی کـــورد وەگ گـــەلێکی خـــاوەن خـــاك و زمـــانی رەســـەنی خـــۆی لەوەدایـــە ، کـــە تـــاکو ئێســـتا قـــەوارە و دەوڵـــەتێکی ســـەربەخۆی نیە و لەنێوان چەند دەوڵەتێکی دراوسێدا دابەشکراوە..**

**ئـــەم دابەشـــکردنەش لەســـەردەمی نوێـــدا بـــۆ ســـاڵی (1916) دەگەڕێتـــەوە ، لـــە گەرمـــەی جـــەنگی جیهـــانی یەکەمـــدا(1914-1918) ئینگلیـــز و فەڕەنســـییەکان بـــە نهێنـــی ڕێکەوتننامەیـــەکیان بـــۆ دابەشـــکردنی ویلایـــەتی (عوسمـــانی)یـــەکان مـــۆرکرد کـــە بـــە ڕێکـــەوتنی ســـایکس بیکـــۆ ناســـراوە.. کوردســـتان ئـــەو کاتـــە کـــە گـــەورەترین زیـــانی بـــەهۆی ئـــەو جەنگـــە کاولکـــارەوە لێکـــەوتبوو، هـــەر ئەوکاتـــە بڕیـــاری دابەشـــکردنی درا، پەیماننامـــەی (ســـیڤەر) کـــە لـــە (1920/8/10) لـــە نێـــوان دەوڵـــەتی (عوسمـــانی) لەلایـــەك و بـــەرەی هاوپـــەیمانی بـــە ســـەرۆکایەتی (بـــەریتانیا و فەڕەنســـا) لەلایـــەکیترەوە مـــۆر کـــرا، کـــەدانپیانانێکی یاســـایی جیهـــانی بـــوو بـــە کەســـایەتی یاســـایی نێونەتـــەوەیی گـــەلی کـــوردا . تـــاکو بتـــوانن دەوڵـــەتی نەتـــەوەیی خۆیـــان جیابکەنـــەوە و ســـەربەخۆبن لـــەناو ئیمپراتـــۆرە لەتبووەکەی (عوسمانی ) دا .**

**ئـــەم پەیماننامەیـــە دەرفـــەتێکی یاســـایی بـــوو بـــۆ دروســـتبوونی دەوڵـــەتی کـــوردی، کـــە دواتـــر لـــە ســـاڵی (1923) پەیماننامـــەی لـــۆزان مـــۆرکرا و لـــە بەرژەوەنـــدی هێـــزی کۆلۆنیالیســـتی و پێشـــێلکردنی مـــافی گەلـــە چەوســـاوەکان کۆتـــایی بـــە ســـیڤەر) هێنـــرا و بـــەڵێنی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی بەجارێك هەڵوەشایەوە [1].**

**هـــەر ئـــەو کاتـــەی کـــە ئەگـــەری دروســـتبوونی دەوڵـــەتی کـــوردی هاتـــە ئـــاراوە، زمـــانی ســـتانداردی کـــوردی بـــۆ نیشـــاندانی یـــەکگرتوویی گـــەلی کـــورد، ئـــەرکێکی گـــرنگ و پێداویســـتییەکی نەتـــەوەیی بـــوو بـــۆ کـــورد، هـــەروەك (فلیـــب کـــرین بـــرۆك) لـــە لێکۆڵینەوەیەکیـــدا لەســـەر زمـــانی کـــوردی دەڵێـــت: ((لـــەکاتی روخـــانی دەوڵـــەتی عوسمانیـــدا، کاتێـــك کـــە مەســـەلەی پێکهـــاتنی دەوڵـــەتێکی کـــوردی ســـەربەخۆ ئـــەرکێکی لـــە**

توانادا بوو، بوونی زمانێکی نووسینی ستاندارد پێویستییەکی زۆر هەستپێکراو بوو.))[2]

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت بوونی زمانی ستانداردی کوردی بەستراوە بە رەوشی سیاسی کوردستانەوە و هەبوونی دەوڵەتی کوردی و دروستبوونی زمانی یەکگرتووی کوردی تەواوکەری یەکترن، هەروەك مامۆستا (مەسعود محەمەد) دەڵێت:

((ئەگەر دەوڵەتی کوردی لە هەموو کوردستان فەرمانڕەوا بوو، بە ناچاری دەبێ زمانێکی رەسمی هەبێت بەکاری دەوڵەت و سەقافەتیش بێ، بێگومان شێوازێکی پوخت بەملەوە دەبێت و گرفتیش نایەتە پێش لەدۆزینەوەی ئەو زارەدا))[3] .

لەمیانەی لەدەستدانی دەرفەتی رابردوودا کە یاسایەکی نێودەوڵەتی پشتگیری لە دروستبوونی قەوارەیەکی کوردی دەکرد، ئەو کاتە زمانی ستانداردی کوردی بوو بەپێویستییەك، بەڵام لە رۆژگاری ئێستاماندا و لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا جارێکیدی کێشەی کورد چووەتەوە کایەی نێودەوڵەتی و لە بنیادنانەوەی دەوڵەتی نوێی عێراقدا و لە بەندەکانی دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراقدا ، دان بە فیدراڵیەتی هەرێمی کوردستان دا نراوە و لە ماددەی چوارەمی بەندی یەکەمدا هاتووە: (هەردووك زمانی کوردی و عەرەبی زمانی فەرمین لە عێراقدا) لە ماددەی دووەمیشدا سنووری بەکارهێنانیان لە عێراق و هەرێمی کوردستانی فیدراڵ دیاری دەکات[4] .

کەواتە جێگەی خۆیەتی لەمەودوا بابەتی زمانی ستانداری کوردی بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە و لە رووی پراکتیکەوە بارودۆخی ئەمڕۆی زمانەکەمان هەڵسەنگێنین.

ئەگــەر زمــانی ســتانداردی كــوردی ئــەو دیالێكتــە بێــت كــە بووبێتــە زمــانی ئــەدەبیات و خوێنــدن و نووســین و زمــانی فــەرمی حكومــەت و لە دەزگاكانی راگەیاندندابەكاربێت.

ئــەوا ئــەمڕۆ لــە كوردســتاندا بــە ئاشــكرا و بــە بــێ پێچــوپەنا، هــەردوو دیــالێكتی كرمــانجی ناوەڕاســت و كرمــانجی بــاكوور دەبیــنین، هەریەكــە بــەجیا بوونەتــە زمــانی ئــەدەبیات و خوێنــدن و نووســین و رۆژنامەگــەری ، تەنانــەت زمــانی فــەرمی بــەڕێوەبردن و یاســان لــە هــەرێمی كوردســتان و لــە ئاســتی كوردســتانی گەورەشــدا هــەمان دیــاردە بــە ئاشــكرا دەبینرێــت، كــە درێــژە پێــدەری هــەمان حاڵــەتی زمانی ئەدەبی یەكگرتووە كە لە پێشەوە باسمان كرد.

بۆئــەوەی بەشــێوەیەكی مەیــدانی لــە بــواری كردەییــدا ئاســتی بــەكارهێنانی هەردوودیالێكتەكــە بخەینــە روو بــەجیا باســی هەریەكەیان دەكەین و بە كورتی لەسەریان دەدوێین.

یەكەم / دیالێكتی كرمانجی ناوەڕاست لە باری ئێستادا :

1–ئــەم دیالێكتــە زمــانی فــەرمی پەرلــەمان و حكومــەتی یــەكگرتووی هەرێمی كوردستانە.

2–خوێنــدن و نووســین لــە كوردســتانی عێراقــدا (جگــە لــە دەڤــەری بادینــان) بــەم دیالێكتەیــە و زمــانی فەرمییــە لــە زانكۆكــانی (هــەرێمی كوردستانە جگە لە (زانكۆی دهۆك).

3–رۆژنامەگــەری بەشــێوەیەكی بــەربڵاو بــەم دیالێكتەیــە، كــە خــۆی لــە هــەردوو رۆژنامــەی رۆژانــەی (كوردســتانی نــوێ ، خــەبات) و دیــاریترین هەفتەنامــەكانی (هــاوڵاتی ، ئاوێنــە ، میــدیا ، یــەكگرتوو، رێگــای كوردســتان، ئــاڵای ئــازادی، كۆمــەڵ ، جــەماوەر، ئاســۆ، چــاودێر..هتــد) و گۆڤارەكــانی (ڕامــان ، ســەردەم ، رۆڤــار، رەهەنــد، پــەیامی راســتی ، هــەژان، كــاروان ، هــەرێم ، لڤــین ، ئــەكادیمی...هتــد) و بڵاوكــراوە قوتــابی و خوێندكارییــەكانی (داهێنــان ، روانــین، گــۆڕان، خوێنــدنی لیــبراڵ، وەرچــەرخان، ژینــی

نــــویٚ، خوێنــــدنی ســــەردەم، ئاڤێســــتا، نوێخــــواز، کرانــــەوە...هتــــد) دەبینێتەوە.

4–زمــــانی ســــەرەکی دەزگاکــــانی راگەیاندنــــە وەك کەناڵــــە ئاسمانییــــەکانی (کوردســــات، کوردســــتان ، بەشــــی کــــوردی ســــەحەر، زاگــــرۆس، نــــەورۆز ، رۆژهــــەلات ...هتــــد) و رادیۆکــــانی (دەنگــــی کوردســــتان، گــــەلی کوردســــتان ، نــــەوا) و ســــەرجەم رادیــــۆ و تەلەفزیۆنــــە لۆکاڵیــــەکانی ســــنووری شــــارەکانی (هــــەولێر و ســــلێمانی و کەرکوك)ە.

لەگــــەڵ رەچــــاوکردنی ئــــەو راســــتییەدا، کــــە هەریــــەك لــــە دام و دەزگاکــــانی راگەیانــــدن بەرێژەیــــەکی دیــــاریکراو دیــــالێکتی کرمــــانجی باکوور و دیالێکتی گۆران بەکاردەهێنن.

ئەگــــەر نموونــــەی رادیــــۆی (دەنگــــی کوردســــتان) وەربگــــرین، کــــە رادیۆیــــەکی مەرکەزییــــەو نوســــینگەی ســــەرەکی لەشــــاری هــــەولێری پایتەختــــە ، بــــەم شــــێوەیە بەرهەمــــەکانی پێشــــکەش دەکــــات:
(53٪)ی رێــــژەی بەرهەمــــەکانی بــــە دیــــالێکتی کرمــــانجی ناوەراســــتە.
(35٪)ی رێــــژەی بەهەرمــــەکانی بــــە دیــــالێکتی کرمــــانجی بــــاکوورە.
(10٪)ی رێــــژەی بەرهەمــــەکانی بــــە زمــــانی عەرەبییــــە. (2٪)ی رێژەی بەرهەمەکانی بە دیالێکتی گۆران (هەورامی)یە[5].

5–دەزگاکــــانی چــــاپ و بلاوکردنــــەوەی هــــەرێم زۆربــــەی کتێبــــەکانیان بــــەم دیالێکتــــە بەچــــاپ دەگەیــــەنن، وەك دەزگاکــــانی (ســــەردەم، ئاراس، چاپخانەی رەنج).

بــــەم پێیــــە ســــامانێکی گــــەورەی بەرهــــەمی رۆشــــنبیری و ئــــەدەبی و هونــــەری بــــە نووســــین و وەرگێــــران، ســــەرباری دامودەزگاکــــانی راگەیانــــدن و رۆژنامەگــــەری بــــەم دیالێکتــــەی زمــــانی کــــوردی پێشــــکەش دەکرێــــت, کــــە لــــە رۆژگــــاری ئێســــتاماندا بــــە ســــەرمایەیەکی دەوڵەمەنــــدی کلتــــوری نەتــــەوەیی کــــورد دادەنرێــــت، کــــە بــــاڵی بەســــەر هــــەردوو دیــــالێکتی کرمــــانجی باشــــوور و دیــــالێکتی گۆرانــــدا کێشــــاوە و

کاریگەری تەواوی لە رووی ئاخاوتن و تێگەیشتنەوە لەسەر دیالێکتی کرمانجی باکوریش دروست کردووە.

شایانی باسە لێرە و لەوێ بە دیالێکتی گۆران بەرهەمی نووسراو و بڵاوکراوە هەیە، بەڵام قەبارەیان کەمە و ناچنە بواری فراوان بوون و گەشەکردنەوەو ئەوانیش هەر بەم دیالێکتە ستاندارده چاپ و بڵاودەکەنەوە[6] .

دووەم / دیالێکتی کرمانجی باکوور :

1- خوێندن و نووسین لە دەڤەری بادینان دا بە دیالێکتی کرمانجی باکورە و زمانی فەرمی زانکۆی دهۆکیش هەر ئەم دیالێکتەیە

2- دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم لە دەڤەری بادینان بەشێوەیەکی فەرمی هەر ئەم شێوەزارەیە.

3- لە دیارترین رۆژنامەکانی دەڤەری بادینان، کە هەر بەم دیالێکتە دەردەچێن ئەمانەیە، هەفتەنامەکانی وەك : (ئەڤرۆ،رەسەن، پەیمان) گۆڤارەکانی(هونەر، گازێ، پەیڤ، سڤۆرە، زەنگ و بەنگ ...هتد).

4- کەناڵە ئاسمانییەکانی (رۆژ ، میزۆپۆتامیا) کە پەخشیان لەدەرەوەی کوردستانە و تەلەفزیۆنە ناوخۆییەکانی وەك (کوردستان، دهۆك، یەکگرتوو، ئازادی، ئاشوور) و رادیۆکانی (دەنگی کوردستان، دهۆك، دەنگی بادینان، ئازادی، یەکگرتوو) بەم دیالێکتە پێشکەش دەکرێن.

5- دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی (سپیرێز) کتێبە چاپکراوەکانی بەم دیالێکتەیە و بەشێك لە کتێبەکانیشی بەپیتی لاتینی چاپ دەکات.

جێگــــەی ئامــــاژە پــــێ کردنــــە ســــەرجەم، کەناڵــــە ئاسمانییــــەکان و رادیــــۆ مەرکەزیەکاییــــەکان، کــــە بــــە دیــــالێکتی کرمــــانجی ناوەڕاســــت پێشــــکەش دەکــــرێن ڕێژەیــــەکی بەرهەمــــەکانیان تایبەتــــە بــــە کرمــــانجی باکور.

بــــۆ نموونــــە کــــەناڵی تەلــــەفزیۆنی ئاسمــــانی (زاگــــرۆس) کــــە نوســــینگەی ســــەرەکی لــــە شــــاری هــــەولێرە (30٪)ی بەرنامــــەکانی بــــە دیالێکتی کرمانجی باکور پێشکەش دەکرێت[7] .

لــــەم روبینــــا خێرایــــەی خســــتمانە ڕوو بۆمــــان دەردەکــــەوێت ئــــەم دوو دیالێکتــــەی زمــــانی کــــوردی لــــەناو هــــەرێمی کوردســــتاندا بــــەهۆی هەڵکەوتــــەی جــــوگرافی و بــــاری سیاســــییەوە بــــە دوو ئاراســــتەی ســــەربەخۆ کــــار دەکــــەن، ئەگەرچــــی لەســــەر ئاســــتی میللــــی بــــەهۆی تێکــــەڵاوی خــــەڵکی شــــارەکان و دەزگاکــــانی ڕاگەیاندنــــەوە زمــــانی ئاخــــاوتن و لێــــك تێگەیشــــتن ئاســــانتر دەبێــــت لــــە جــــاران، بــــەڵام جیــــا لــــە دیالێکتــــەکان و شــــێوەزارەکانیتری کــــوردی کــــە لــــە هەرێمــــدا بوونیــــان هەیــــە، ئــــەم دوو دیالێکتــــە پارێزگــــاری لــــە بــــوون و گەشــــەکردنی خۆیــــان دەکــــەن و یەکگرتنــــەوەیان لــــە رۆژگــــاری ئێســــتاماندا شــــتێکی ئاســــان نییە.

دیــــارە ئــــەم بــــارەش لەســــەر ئاســــتی هەنــــدەران و دەرەوەی وڵاتــــیش ئــــەم جیاوازییــــە هەیــــە و تەنانــــەت جۆرێــــك ململانێیــــان لەناودایــــە، هــــەروەك (د. ئــــەمیری حەســــەن پــــوور) دەڵێــــت: (پــــێش ســــاڵی 1981 هــــەردوو دیــــالێکتی ســــۆرانی و کرمــــانجی هاوشــــانی یــــەك گەشــــەیان کــــردووە، کاتێــــك کــــە ڕێکخــــراوی سیاســــی نــــوێ لــــە کوردســــتاندا ســــەریان هەڵــــدا هــــەردوو دیالێکتەکــــەیان کــــە بڵاوکراوەکانیــــان بــــەکارهێنا، بەتایبــــەت چــــونکە ئەندامــــەکانیان لــــە قســــەکەری هــــەردوو دیالێکتەکــــە بــــوون، رەوشــــی ئــــەمڕۆی کۆمەڵگــــەی کــــوردی لــــە ئــــاوارەش زۆر لــــەو ســــەردەمەی ئیمپراتۆریــــەتی عوسمــــانی دەچێت)[8] .

لێرەدا و لەناو ئەو واقیعەی کە زمانی کوردی پیادا دەڕوات و دوای ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا روویانداوە، ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات لە هەمان کاتدا پرسیارێکی ئاڵۆز و هەستیارە، ئەویش ئەوەیە ئایا کورد دەتوانێت یەك زمانی ستاندارد دروست بکات، یاخود دوو زمانی ستانداردی (جووتستاندارد)ی هەیە و دەبێت لەسەری بڕۆین وەك (دیفاکتۆ) مامەڵەی لەگەڵ بکەین؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە و تێگەیشتنی راستی لە باسەکە بیروڕای چەند زانا و زمانەوانێکی کورد دێنینەوە، کە سەبارەت بەم پرسە دەریانبڕیوە، پاشان هەڵسەنگاندن بۆ بیروڕای دروست دەکەین.

1 ـ(د. جەمال نەبەز) لە کتێبی (زمانی یەکگرتووی کوردی) بیروڕای خۆی بەم جۆرە دەخاتەڕوو: ((هەوڵدانێکی رێکخراوی زانستیانەی لەسەرخۆ بۆ هێنانە بەرهەمی زمانێکی ئەدەبی باشترین و تەنیا رێگەیە کە کورد بتوانێت پیایدا بڕوات، واتە ئێمە دەبێت شێوەیەکی ئەدەبی بۆ خۆمان دروست بکەین، بەڵام ئایا دروست کردنی ئەم شێوەیە لە کوێوە دەست پێ بکرێت ؟ و کێ دەستی پێ بکات و؟ چۆن دەست پێ بکرێ؟ دیارە کوردستانی عێراقی جێی دەست پێکردنی ئەو کارەیە و دامودەزگاکانی کوردی ئەو ئەرکەیان دەکەوێتە ئەستۆ)) [9].

2 ـ(د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ) لەکتێبی (زمان و ئەدەبی یەکگرتووی کوردی)دا دەڵێت: ((بەم چەشنە ئەو زمانە ئەدەبییەی ئێستا بووە بە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو ـ دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست ـ ناوچەیەکی فراوان و ئەو کوردانەی بە سێ دیالێکتی کوردی دەدوێن، بەو زمانە دەخوێنن و دەنووسن و زمانی نووسینی ئەدەبیاتیانە ـ ئەو زمانە لە سەرەتاوە لە شاری سلێمانیدا بوو بەزمانی ئەدەبیات و بڵاوبۆوە و هەموو ئەو تێکەڵ بوون و تواندنەوە و رۆچوونی بەسەرداهاتووە کە

بەسەر زمانی ئەدەبی یەکگرتووی هەموو گەلاندا دێت، تا دەبێتە زمانی ئەدەبی هەموو نەتەوەکە))[10] .

3 -(د. کامیل حەسەن بەسیر) لە کتێبی (زمانی نەتەوایەتی کوردی) دا دەڵێت:
((ڕۆژێ لە ڕۆژان میللەتی کوردی زمانێکی نەتەوایەتی هەبووە و ئەندامی ئەم میللەتە بەر لەوەی لە یەکتری بپچڕێن و هەر تاقمێکیان زارێکی ناوچەیی یان خێڵایەتی بۆ خۆی ساز بکات هەموو ئەندامانی ئەم میللەتە، ئەو زمانە نەتەوایەتییەیان تاقە هۆی دەبڕینیان بووە. بۆ بوژاندنەوەی زمانی نەتەوایەتی کوردی، دەبێت بە ڕێبازێکی زانستی هەموو زارە کوردییەکان بخەینە بەر لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری تاوەکو وشە و فەرهەنگ و ڕێزمانی نەتەوەیی دەدۆزینەوە))[11] .

4 -مامۆستا (مەسعود محەمەد) لەگفتوگۆیەکی لە گۆڤاری (رامان)دا بەم جۆرە باسی زمانی ستانداری کوردی دەکات:
((راستییەکەی سەپاندنی شێوە لەهجەیەك بەسەر هەموو کوردا تابلێی دژوارە، هەرچەندە لە رووی بەرژەوەندی نەتەوە و گەشەی سەقافەتەوە تا بلێی پێویستە. گریمان کوردەکە کەوتە بارێك تێیدا خاوەنی خوایشتی خۆی بێ، ئایا ئەو خوایشتە بە کام لادا دەشکێتەوە؟ چۆنا و چۆنی؟ بەبیری من نابێت دەمارکێشی تێدا بەکاربێ، چونکە لەوانەیە نەتەوەکە پێوەی لەت بێت، ئەگەر دوایین رووبەڕووی دەفتەری ئەم سەرباسەش بریتی بوو لە سەلماندنی دوو جۆر زمانی ستاندارد، دەبێت بەرژەوەندی نەتەوە بەر لە هەموو شتێك بێت، ئەوسا دەتوانین بەرەو دوارۆژێکی گەشتر و ئارامتر، خەریکی تەگەرە و لەمپەر لادان بین، بۆ یەکخستنی زمانی کوردی با پەنجا ساڵی پێویست بێت))[12] .

5- (د. فوئاد حەمە خورشید) لە کتێبی (زمانی کوردی دابەش بوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی)دا دەڵێت: ((ئێمە داوا دەکەین کە دیالێکتی کرمانجییە ناوەندەکە، بکرێتە بناغەی زمانێکی یەکگرتووی کوردی و لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا بخرێتە کار، چونکە مێژوو ڕەگی دیالێتکی لەناوچەیەدا داکوتاوەو زمانی رۆشنبیری و فێرکردن و پەروەردەکردنە، لە هەموو دیالێکتە کوردییەکانی تر زیاتری پێ دەنووسرێت و بڵاودەکرێتەوە، سەرەڕای ئەوەش ئەم دیالێکتە کەوتۆتە ناوەڕاستی دیالێکتە سەرەکییەکانی تر و لێیان نەپچڕاوە و پەیوەندیشی بە هەموویانەوە هەیە))[13] .

6- (د. ئەمیری حەسەن پور) لە کتێبی (ناسیۆنالیزم و زمان لە کوردستان) دا دەڵێت: ((ئەوەی لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەرکەوتووە، راستتر ئەوەیە کە زمانی کوردی هاوشێوەیە لەگەڵ هەندێك زمانی تردا (وەك ئەرمەنی و نەرویجی و ئەلبانی) خاوەنی دوو شێوەزاری ستاندارده و دەشێت هەر لەسەر ئەم رەوشەش گەشە بکات، لەگەڵ ئەوەدا کە شێوەزاری کرمانجی لە تورکیا و سوریادا دەستبەستەیە و دیالێکتی سۆرانی زیاتر دەرکەوت وەك فۆرمی ستانداردەو کە خاوەنی مێژوویەکی نەپچڕاوە لە پرۆسەی بە سیستمبوون لەم سەردەمەدا))[14] .

7- د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم ) سەرۆکی بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین) لەمبارەیەوە دەڵێت: ((هەتا ئەندازەیەکی زۆر دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست هاتۆتە پێش کە ببێتە زمانی ستاندارد، بەڵام پێویستی بەوەیە دەسەڵاتی کوردی ئەم دیالێکتە بەسەر هەموو دیالێکتەکانی تر بچەسپێنێت، یاخود دیالێکتەکانی تر بە

دەوری ئەم دیالێکتەدا کۆبکاتەوە، کە ئێستا ئەم ئەرکە هەیە و پەیدابووە و داوای سەرکەوتنی بۆ دەکەین))[15].

8 - (د.عەبدوڵلاّ حوسێن) جێگری ڕاگری کۆلێژی زمان لە زانکۆی سەلاحەدین ، پشتگیریی راکانی تردەکات و دەڵێت: ((دەمێکە زمانی ستانداردی کوردی لە کوردستانی باشووراهەیە، ئەم زمانە لەسەردەمی میرنشینەکانەوە دەستی پێکردووە، ئەم زمانەستاندارەی کوردی دروست بووە تازە ناسرریێتەوە ، بەلام مەترسی ئەوە هەیە دووزمانی ستاندار دروست ببیٚ، وەك دیالێکتی ناوەڕاست کە بەهەڵە پێی دەوترێت سۆرانیو شێوە دیالێکتی باکور کە بەهەڵە پێی دەوتریٚ بادینی، خۆی زمانی ستاندار هەیە بەلام چی بکریٚ بۆ ئەوەی بگشتێنریٚ لە هەموو پارچەکانی کوردستان بەکاربیٚ ڕەنگە ئەمە بڕیارێکی ڕامیاری بویٚ، ئەوکات دەبێتە زمانێکی ئاسایی وەکو زمانەکانی جیهان ،بەلاّم ئەگەر بەم گێرەشێوێنیە بەم بەربەرەلاّییە ڕێگە بدریٚ مەترسی هەیە ببێتە دووبەش ئەمەش دابەش بوونی کوردە گەلی کورد خاوەنی چوار دیالێتکەو هەر دیالێتکێك لەکۆمەڵە گۆڤەرو شێوازێکی ناوچەیی هەیە، بۆ ئێمە ئایا لەوانە کامیان زمانی کوردییە؟ گرفتەکە لێرەدایە ئەو شێوەیەی کە بەکاردیٚ لەناوەڕاست وەکو زمانی ستاندارد ئەمە نە سۆرانییەو نە موکرییەو نە سلێمانێیشە، بەڵکو تێکەڵەیەکە لە دیالێتکەکانی ناوەڕاستو لە دوای ڕاپەڕینەوە بەهەزاران ووشەی دیالێتکی باکورو هەورامیو خواروشی هاتۆتە ناوو، زۆرجار باسی ئەوەش دەکریٚ وەکو موتوربە کردن بەکاربیٚ ووشەو زاراوە لە هەموو دیالێکتەکان وەربگیرێنو، بکرێتە کرۆکێك بۆزمانی ستانداردی کوردستانو دوای ئەوەی کە ئەوانیش سەربەخۆی خۆیان وەرگرت ئەمە دەبێتە پێشدەست بۆ دروستکردنی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو))(16).

ئەمە بیروورای کۆمەڵێك لە زمانەوانانی کورد بوون سەبارەت بە زمانی ستانداردی کوردی و هەردوو دیالێکتە دەرکەوتووەکەی، هەڵبەتە بیرورِای جیاواز و پێچەوانەی ئەمەش هەیە، لەوانە هەیە لەلای وایە: جیاوازی نێوان ئەم دوو دیالێکتە هێندەی جیاوازی نێوان زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانییە، بۆیە لە روانگەی ئەوەوە زیاتر ئەوە بە راست دەزانێت کە ئەم دوو دیالێکتە ناوی دوو (زمان)ی جیاوازیان لێبنرێت.(17)

هەروەك هەیە ژمارەی زۆری ئاخێوەرانی دیالێکتی کرمانجی باکوور دەکاتە بەڵگەی ئەوەی کە دەبێت دیالێکتی کرمانجی باکوور زمانی ستانداردی کوردی و هەموو گەلی کورد بەو دیالێکتەوە بنووسن و قسە بکەن.

لە هەڵسەنگاندنێکی بابەتییانەی سەرجەم ئەو بیرورِایانەدا کە لێرەدا خستمانە روو، ئێمە پەسندی ئەو بیرورِا و بۆچوونانە دەکەین کە دیالێکتی کرمانجی ناوەراست لە پرۆسەی بە سیستمبووندایە و خاوەنی سامانێکی گەورەی ئەدەبی و رۆشنبیری و رۆژنامەگەریی و هونەرییە و جۆرێك لە هەڵکەوتەی جوگرافی و زەمینەی سیاسی لەباری بۆ رەخساوە و، بەهۆی بوونی دەڤەری بادینان لە نەخشەی جوگرافی و سیاسییەکەیدا ئەڵقەیەکی پەیوەندی لەگەڵ کرمانجی باکور دروست کردووە.

هەموو ئەمانە وا دەکەن دیالێکتی کرمانجی ناوەراست ببێتە پالێورایێکی بەهێز بۆ بوون بە زمانی ستانداردی کوردی، کە ئەوەش زۆربەی زانا و زمانەوانانی کورد لەسەری کۆکن، کە لەم لێکۆڵینەیەوەدا بەردەستمان کەوتوون و پشتگیری لیّ دەکەن.

هەرچی مەسەلەی دوو جۆر زمانی ستانداردیشە(جووتستاندارد) بە بۆچوونی ئێمە جیاوازی نێوان دوو دیالێکتەکە زیاتر دەکات و پرۆسەی یەکگرتنی هەردووکیان لە دوارۆژدا قورس و گران دەکات و لە خزمەتی زمانی کوردی و یەکبوونی گەلی کوردستاندا نییە.

## پەراوێزەکان بەشی سێیەم :

(1) (ڕێبـــوار عــــەلی)، (کێشــــەی کــــورد و رایــــەکیتر) لــــە گۆڤــــاری (پەیامی راستی) ژمارە (46) سلێمانی/ 1997، ل(51–52).

2) Philip kreyenbrek گۆڤــــاری (ئــــەکادیمی) کــــۆڕی زانیاری کوردستان/ هەولێر ژمارە(2) ل.81

3) گۆڤــــاری (رامــــان) ژمــــارە (54) بابــــەتی (مەســــعود محەمــــەدی زانــــا، لــــە گەشــــتێکی فەلســــەفی و سیاســــی و زمانــــدا) هــــەولێر/2000 ، ل5–12 ، ئامادەکردنی (شوکر مستەفا).

4) بڕوانــــە (دەســــتوری کۆمــــاری عێــــراق) ئــــابی (2005) لــــە بڵاوکراوەکانی (کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق) ل.7

5) چــــاوپێکەوتنی بەڕێوەبــــەری رادیــــۆی (دەنگــــی کوردســــتان) لــــە بەرواری (2006/5/2) لە شاری هەولێر.

6) بــــۆ نموونــــە گۆڤــــاری (هۆرامــــان) وەڵاکرییێــــو هۆشمەنــــدی هۆرامان ئەژناسی مانگانە ژمارەکانی (1–7) سلێمانی /2005

7) ئــــەو زانیارییــــە لــــە بــــەرواری 2006/5/12 لــــە بەڕێوەبەرایــــەتی ســــەتەلایتی (زاگــــرۆس) لــــە شــــاری هــــەولێرەوە وەرگیراوە.

8) گۆڤــــاری (ئــــەکادیمی) کــــۆڕی زانیــــاری کوردســــتان دەری دەکات، هەولێر/2004 ، ژمارە/2 ، ل.95

9) (د. جــــەمال نەبــــەن) (زمــــانی یــــەکگرتووی کــــوردی) ئەڵمانیا/1976 ، ل.12

10) (د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ) (زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی) بەغداد/1971، ل.44

11) (د. کامیل حەسەن بەسیر) (زمانی نەتەوایەتی کوردی) بەغداد/1984، ل.39

12) (مەسعود محەممەدی زانا) لە گۆڤاری (رامان) ژمارە/54 هەولێر/2000 ، ل.10

13) (فوئاد حەمە خورشید) (زمانی کوردی) بەغداد/1985، ل.93

14) گۆڤاری (ئەکادیمی) ژمارە/2 ، هەولێر/2004، ل85–86.

15) چاوپێکەوتنی (د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم) سەرۆکی بەشی زمانی کوردی کۆلێژی زمان لە زانکۆی سەلاحەدین لە بەرواری 2005./5/15

16) گۆڤاری (زانکۆی نوێ) ژمارە/12 سالّی دووەم/2006 ل ( 50)

# بەشی چوارەم
# ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە

وەك لە دووتوێی ئەم لێكۆڵینەوەیە بۆمان دەردەكەوێت زمان دیاردەیەكی ئاڵۆزە و چەند گریمانێك هەیە بۆ دروست بوون و سەرهەڵدانی زمان لە لای مرۆڤ .

هەروەك لە هەموو ئاینەكاندا باسی زمان كراوە و بە پیرۆز و بەخششی خوایی دانراوە، بەتایبەت لە قورئانی پیرۆزدا زمان بە یەكێك لە بەڵگە و نیشانەكانی خودا دانراوە و هەموو زمانەكان پیرۆزن و و خوای گەورە بۆ هەموو نەتەوەیەك و بە زمانی زگماكی خۆیان پەیام و پێغەمبەرانی ناردووە.

زمانی كوردیش بەو پێیە پیرۆزە و یەكێكە لە بەڵگەو ئایەتەكانی خوای گەورە و هیچی لە زمانەكانیتر كەمتر نیە، لە رووی مێژوییشەوە یەكێكە لە زمانە رەسەنەكانی رۆژهەڵات و بنچینەی بۆ زمانە (هیندۆ ئەوروپی)یەكان دەگەڕێتەوە.

ئەم زمانە بە هۆی رەوشی نالەباری سیاسی و هێرشی داگیركاری نەتەوەكانی ترەوە دووچاری هەڕەشەی لەناوچوون و توانەوە هاتووە، بەڵام بەهۆی سەختی خاكەكەیی و رەسەنایەتی گەلەكەیەوە پارێزگاری لە بوونی خۆی كردووە، وێڕای ئەوەی قەوارە و دە كە وڵەتی سەربەخۆی نەبووە، بەدرێژایی ئەو مێژووە زمانەكەی بە چەند قۆناغێكدا تێپەڕیوە لە گۆڕان و گەشەكردن نەوەستاوە و تاكو رۆژگاری ئێستامان هاتووە و خاوەنی مۆرك و تایبەتمەندی خۆیەتی.

زمانی كوردی بەهۆی باری سیاسی و هەڵكەوتە و جوگرافییە سەختەكەی كوردستانەوە، وای كردووە چەند دیالێكت و بەشە دیالێكتی جۆراوجۆری هەبێت، كە لەلایەك زمانەكەیان لە فەوتان پاراستووە و لەلایەكیترەوە بوونەتە سەرچاوەیەكی دەوڵەمەندی فەرهەنگ و فۆلكلۆری كوردی.

دیالێکتەکانیش بریتین لە چوار دیالێکتی سەرەکی ئەوانیش (دیالێکتی کرمانجی باکور، دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست، دیالێکتی کرمانجی باشور ، دیالێکتی گۆران) نن.

کە بەشێوەی سەربەخۆ ماونەتەوە و سەرەتا لەشێوەی ئەدەبی فۆلکلۆری و پاشان لە ڕێگەی ئەدەبیاتەوە بوونەتە زمانی نووسین و لەوێوە وردە وردە گەشەیان کردوە.

بەتایبەت لە دوای رووخانی دەوڵەتی عوسمانی و هاتنە ئارای ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ بۆ کورد، بابەتی زمانی یەکگرتوو سەری هەڵداوە، بۆ نیشاندانی یەکبوونی سیاسی گەلی کورد و پێویستییەکی نەتەوەیی و هۆکارێك بۆ پەرەسەندنی زمانەکەو، بابەتی هەبوونی زمانی ستانداردی کوردی سەری هەڵداوەو زمانەوانانی کورد ئەگەرەکانی دروستبوونی زمانی ستانداردیان خستۆتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و قسە لەسەر کردن..

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت، کە پرسی زمانی ستانداری کوردی دوچاری گیروگرفتێکی واقیعی بووە، کە ئەویش سەرهەڵدانی دوو جۆر دیالێکتی سەرەکی لێك جیاوازن، بەجۆرێك لە جۆرەکان بەسەر دوو ناوچەی کوردستاندا دابەش بوون و لەسەر ئەرزی واقیعیش دامودەزگای خۆیان هەیە و زمانی نووسین و خوێندنن.

بۆ قسەکردن لەسەر ئەو کێشەیە زمانەوانانی کورد بیروڕای جیاوازیان خستۆتە روو.. پەسندترینیان ئەوەیە ، کە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست لە بارتر و گونجاوترە ببێتە زمانی ستانداردی کوردی و پاشان بە سەرجەم دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەتایبەت دیالێکتی کرمانجی باکوور دەوڵەمەند بکرێت..

هەروەك ئەرکی دەسەڵاتی کوردی و دامودەزگا رۆشنبیری و زانستی و راگەیاندنەکانی کوردستانە، گرنگی و هەستیاری ئەم

بابەتـــــە بـــــە هەنـــــد وەربگـــــرن و بـــــەرێبایێکی زانســـــتییانە هـــــەوڵی بـــەدیهێنانی ئـــەو ئامـــانج و ئاواتـــە نەتەوەییـــە بـــدەن، کـــە بەدڵنیاییـــەوە هۆکـــــاری یـــــەکبوونی گـــــەلی کـــــورد و گەشەســـــەندن و پێشـــــکەوتنی زمانەکەمانە.

بـــۆ ئـــەوەی ئـــەم لێکۆڵینەوەیـــە لـــە بـــواری کرداریـــدا ڕۆڵـــی خـــۆی لـــە بەرەوپێشچـــوونی ڕەوشـــی زمـــانی ســـتانداردی کـــوردی بگێڕێـــت ئـــەم پێشـــــــنیار و ڕێنماییانـــــــە وەك دوا ئامـــــــانجی لێکۆڵینەوەکـــــــەمان دەخەینە ڕوو:

1 - داوا لـــە دەســـەڵاتی کـــوردی دەکـــەین کـــە خـــۆی لـــە پەرلـــەمان و ســـــەرۆکایەتی هـــــەرێم و حکومـــــەتی یـــــەکگرتووی کوردســـــتان دەبینێتـــەوە، یاســـایەکی تایبـــەت بـــە زمـــانی ســـتانداردی کـــوردی دەربکـــات و دەزگایـــەکی ناوەنـــدیی لـــە ئاســـتی کوردســـتانی گـــەورە بـــۆ دابمـــەزرێنێت ، بنکـــە ســـەرەکیەکەی لـــە شـــاری هـــەولێری پایتـــەخت بێـــت و لـــە دەرەوەی وڵاتـــیش لـــق و بەشـــیتر بکرێتـــەوە، کـــە تایبـــەت بێـــت بـــە لێکۆڵینـــەوەی نەتەوەیی بۆ بابەتەکانی زمانی ستانداردی کوردی[1]..

2 - لـــە ســـەرجەم زانکـــۆ و پـــەیمانگاکانی کوردســـتاندا و بەتایبـــەت لـــە بەشـــەکانی زمـــانی کوردیـــدا بابـــەتی زمـــانی ســـتانداردی کـــوردی بکرێتـــە مـــاددەی ســـەرەکی و لـــە ســـاڵەکانی قۆنـــاغی خوێندندا بخوێندرێت و بەرنامەی زانستی بۆ دابنرێت.

3 - ئامـــادەکردنی فەرهـــەنگێکی گشـــتی کـــە ســـەرجەم وشـــە و زاراوەکـــانی دیالێکتـــە جیاوازەکـــانی زمـــانی کـــوردی لـــەخۆ بگرێـــت و بەشـــێوەیەکی بـــەرفراوان بڵاوبکرێتـــەوە، بـــەجۆرێك ئـــەم فەرهەنگـــە بەســـوود بێـــت بـــۆ زۆربـــەی کـــوردان.. هـــەروەها ڕێبازێکـــە بـــۆ یەکخســـتنی شـــێوەکانی زمـــانی کـــوردی و سەرچـــاوەیەك بـــۆ ســـازبوونی زمـــانی ئـــەدەبی بـــۆ گـــەلی کوردمان[2].

4 هەردوو وەزارەتی (پەروەردە و خوێندنی باڵا) لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، پرۆسەی خوێندن و فێرکردن بە زمانی کوردی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان یەك بخەن. جێگەی نیگەرانییە لەناو یەك هەرێمدا خوێندنی کوردی بە دوو جۆر دیالێکتی جیاواز بێت و ئەلف و بای خوێندنی سەرەتایی لە شارەکانی کوردستان سێ جۆری جیاوابێت[3].

5 ڕێنووسی کوردی کە ڕەگەزێکی گرنگە لە پرۆسەی بە ستانداردکردنی زمانی کوردیدا، ئێستا زمانی کوردی سێ جۆر ڕێنووسی هەیە و گرفتی دروستکردووە. لەم بارەیەوە (د. مارف خەزنەدار) دەڵێت: ((ئێستاکە سێ ئەلفبای کوردی زیندوو لەناودایە و کلتووری کوردیان پێ دەنووسرێتەوە، لەعێراق و ئێراندا لەسەر بنچینەی ئەلفوبێی عەرەبییە لە تورکیا و سوریا و زانستگاکانی ئەوروپا لەسەر بنچینەی ئەلفوبێی لاتینییە زمانی ستانداردی لە وڵاتی سۆڤیەتدا لەسەر بنچینەی ئەلفوبێی رووسییە، ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە بەکارهێنانی سێ جۆر ئەلفوبێی جیاواز لەناو میللەتێکدا کەڵکێکی ئەوتۆی نییە. ئەم سێ جۆرە ئەلفوبێیە لە زروفێکی مێژویی تایبەتی نەتەوەی کورد هاتۆتە ناوەوە، تا ئێستا دەسەڵاتی خۆی لە دەستی خۆی نەبووە بۆئەوەی شێوەی نووسین یەك بخات))[4].

ئەم گرفتەش نەك هەر لە بوونی سێ جۆر رێنوسی کوردیدایە، بەڵکو پەشێوی دروستکردووە و لە ئاستی بەرەوپێشچوونی زمانەکەدا نییە، ئەمرۆ لە کوردستاندا نووسین بە زمانی کوردی زۆر پەرەی سەندووە، بەڵام ڕێنوسی یەکگرتوو لە ئارادا نییە تەنانەت لە سەرنجدانێکی سەرپێیی و بەپەلە بەبڵاوکراوەکاندا هەست بەم پەشێوی و کەس بەکەس نەبوونە دەکرێت[5].

لەم سەروبەندەدا هەرجۆرە ڕێنوسە و لایەنگری خۆی هەیە، بەتایبەت ڕێنوسی (لاتینی) بە هۆکاری پێشکەوتن لێک دەدرێتەوەو تەنانەت کەناڵە ئاسمانییەکانی (کوردستان و کوردسات) خەریکن بە یەکجاری واز لە ڕێنووسی عەرەبی دەهێنن.

لابردنی ڕێنووسی کوردی ئێستا و گۆڕینی بە ڕێنووسی (لاتینی) کارێکی هەڵەیە، چونکە ئەم ڕێنووسە جێگەی خۆی کردۆتەوە و سامانێکی گەورەی ئەدەبی و رۆشنبیری پێ نوسراوە و بۆیە لابردنی, بێ بەشکردنی نەوەی دوارۆژی گەلەکەمانە لەو سامانە نەتەوەییەی پێشتر نووسراونەتەوە، هەروەك لە دەستدانی ئەو گۆڕان و چاکسازیەیە کە زانایانی کورد بۆ گونجاندنی ڕێنووسی عەرەبی لەگەڵ زمانی کوردیدا کردوویانە و ڕێنووسێکی گونجاویان لێ بەرهەم هێناوە[6] .

لێکۆڵینەوە تازەکانیش پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکەن و دەیخەنە روو کە بەکارهێنانی ڕێنوسی لاتینی لەبری ڕێنووسی عەرەبی کارێکی دژوار و نەگونجاوە[7] .

هەر لەم بارەیەوە (د. مستەفا زەنگەنە) دەڵێت : (( ئەلفو بێی عەرەبی کە خۆمان هێناومانەتە ژێر دەسەلاتی خۆمان، گۆڕانکاریمان تێدا کردووەو لایەنی فۆتۆلۆژی خۆمان بەسەردا فەرزکردووە کەئەمەش هەقێکی خۆمانە.. ئەگەر ئێمە واز لەمەبێنێن و دەست بکەین بەلاتینی نووسین ، نەوەیەکی تەمەن سەدساڵ هیچی نازانێت لاتینی ، لەولاشەوە ملیۆنەها کتێب چاپکراوە بە ئەلفو بێی عەرەبی ، دەبێ لە ئەمڕۆوە نەوەیەك دروست بکەی تاکو(16-17) ساڵی تر بتوانێ بخوێنێتەوە، ئەوکاتەش ئەو لە عەرەبیەکە دادەبڕێ ناتوانێ عەرەبیەکە بخوێنێتەوەو نەوەکەی تریش ناتوانێ لاتینی بخوێنێتەوە)) [8]

هــــەروەك بۆچـــوونی واش هەیـــە داوای دروســـتکردنی ئەلفوبێیـــەکی خۆمـــاڵی دەکـــەن، کـــە تازەیـــە و لـــەوانیتر گونجـــاوترە بـــۆ نووســـینی زمانی کوردی.(9)

بـــەبڕوای ئێمـــە ئـــەو ڕێنووســـە کوردیـــەی کـــە ئێســـتا دیـــالێکتی کرمـــانجی ناوەڕاســـتی پـــێ دەنووســـرێتەوە و ڕەنگێکـــی خۆمـــاڵی وەرگرتـــووە ، لەگـــەڵ زمـــانی کوردیـــدا تـــەواو گونجـــاوە بکرێتـــە ڕێنووســـی ســـتاندارد و لەگـــەڵ بەســـتانداردبوونی زمانەکـــەدا هـــەرجۆرە ڕێنووســـێکی تـــر رابگیرێـــت و کـــاری پـــێ نـــەکرێت ، تـــاوەکو نووســـینی کوردی لەوپاشا گەردانیە رزگاربکرێت کە تێی کەوتووە .

## ***پەراوێزی بەشی چوارەم :***

(1) هــەروەك ســەرۆكی حكومــەتی یــەگكرتووی كوردســتان رۆژی 2006/5/7 وەك ئەجێندای حكومەتەكەی خستیە بەردەمی پەرلەمان، لەم بارەیەوە گوتی: (ئـەم كابینـە نوێیە گرنگی تەواو بە زمانی كوردی دەدات).

2)(د. ئــەورەحمان حــاجی مــارف) لــە بــواری فەرهەنگنووســی كوردیــدا ، بەغداد/1987، ل8.

(3)مایەی نیگەرانییە لەناو شاری كەركوكی خۆشەویستدا(30) قوتابخانەی تیا دایە پازدەیان ئەلفوبێی (مامۆستا باڵدار) و پازدەكەیتریان ئەلفوبێی مامۆستا(عەبدوڵڵا سـور) دەخوێنن.

4)گۆڤاری (ئەكادیمی) ژمارە (3) هەولێر/2005 بابـەتی (مێـژووی گـۆڕانی ئـەلف و بێی كوردی) ل.242

5)(بەدران ئەحمەد حەبیب)، (ڕێنووسی یەككگرتووی كوردی) لە گۆڤاری (ئـەكادیمی) ژمارە/1 ، هەولێر/2002 ، ل.60

6)(د.نەسرین محەمەد فەخری) ، (ڕێنوسی كوردی) ، هەولێر/1977، ل.5

7)(یادگار رەسولْ باڵەكی) ، (ئەلفوبێی لاتینی لـەنێوان گوفتـار و پراكتیزەكردنـدا) لە گۆڤاری (كاروان) ، ژمارە/49 ، هەولێر/2000، ل.103

8) (د.مستەفا زەنگەنە)((نابێ پشتگیری بۆ لەهجەیـەكی دیـاری كـراو لەمپـەر بخاتـە پـێش كۆششـەكانمان بـۆ دروسـتكردنی زمـانێكی سـتاندارد) لـە گۆڤـاری (زانكـۆی نـوێ لاپەرە(50)

9) (محەممەد عەزیز فەتاح) ، (پیتی نوێ بـۆ نووسـینی نـوێ) لـە گۆڤـاری (كـاروان) ژمارە/131، هەولێر/1999، لاپەرە/34.

# سەرچاوەکان :

کتێب:ـ

1) قورئانی پیرۆز.

2) جەلالـەدینی سـیوتی و جەلالــەدینی مەحــەلیی (تفســیر الجلالــین) چــاپی بیروت/1960.

3) د. عیزەدین مستەفا رەسول (سـەرنجێ لـە زمـانی ئـەدەبیی یـەکگرتووی کوردی) بەغداد/1971، چاپخانەی (سلمان الاعظمی).

4) گەڕیـدە کـەریم زەنـد (ئـاین و بـاوەڕ لـە کوردسـتاندا) سـلێمانی /1971، چاپخانەی کامەرانی.

5) ((د. کەمال فوئاد) کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کـوردی) بەغـدا/1972، چاپخانەی (اخلاص).

6) د. جمال نەبەز(زمانی یەکگرتووی کوردی) ئەڵمانیا / 1976

7) (د. نەســرین محەمــەد فــەخری) ، (ڕێنوســی کــوردی) هــەولێر/1977، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

8) (د. عیــزەدین مســتەفا رەســوڵ) (لێکۆلینــەوەی فۆلکلــۆری کــوردی) سلێمانی/1979 ، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.

9) (د. کامیل حەسەن بەسیر) (زمـانی نەتەوایـەتی کوردی) بەغـداد/1984، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق.

10) (فوئـاد حەمــە خورشـید) ، (زمــانی کــوردی دابــەش بــوونی جوگرافیــایی دیالێکتەکانی) بەغداد/1985، چاپخانەی (افاق عربیە).

11) (شـێخ محەمـەدی خـاڵ) (ناڵـەی دەرون) جزمــی دووەم ، چـاپی یەکـەم، بەغداد/1985، چاپخانەی ئیرشاد.

12) (د. شوکریه رەسول) (زمان و ئەدەبی کوردی) **هەولێر**/1987، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

13) (د. ئـەورەحمانی حـاجی مـارف) (لـە بـواری فەرهـەنگ نووسـی کوردیـدا) بەغداد/198چاپخانەی (ئەلزەمان).

14) (محەممەد ساڵح ئیبراهیم) (شەپۆل) ژینـاوەری زانایـانی کـورد لـە جیهـانی ئیسـلامەتی یـا گەنجینــەی فەرهــەنگ و زانســت) تـاران/1364 هــەتاوی/ 1985.

15) مەسعودمحەمەد ( زاراوەسازی پێوانە ) بەغداد / 1988چابخانەی سومر

16) غازی فاتح وەیـس (ڕێبـازی لێکۆڵینـەوە) هـەولێر/1990، چـاپخانەی (دار الحکمە) **هەولێر**.

17) محەمەد مەعروف (زمانـەوانی )هـەولێر/1990/چـاپخانەی زانکـۆی صـلاح الدین

18) (جـــەمال بابـــان) ، (ســـلێمانی شـــارە گەشـــاوەکەم) بەغـــداد/1993 ، چاپخانەی (الحریە **للطباعة**).

19) (تۆفیــق وەهبــی) ، (بنەچــەکەی کــوردان و بنچــینەی زمــانی کــوردی) وەرگێڕانی (تاها فەیزی زادە) ،بەرواری لەسەر نیە.

20) (د. **طلال** المجزوب) (**منهج البحث واعداده دراسـة نظريـة وتطبيقيـة**) بیروت/1993.

گۆڤار:-

21) (ڕۆشـنبیری نـوێ) ژمـارە/125 بەغـداد / 1990چـاپخانەی(دار **الحريـة للطباعة**).

22) (پــەیامی راســتی) ژمــارە/17 ســلێمانی/ 1990 چــاپخانەی (کۆمەڵــەی نووسەران).

23) (پــەیامی راســتی) ژمــارە/46 ســلێمانی/ 1997 چــاپخانەی (کۆمەڵــەی نووسەران).

24) (كـاروان) هــەولێر/ 1999، وەزارەتــی رۆشــنبیری حکومــەتی هــەرێمی کوردستان.

25) (رامان) ژمـارە/54 ، هـەولێر/2000 ، دەزگـای رۆشـنبیری و راگەیانـدنی گولان.

26) (کاروان) ژمارە/149 ، هـەولێر/2000، وەزارەتـی رۆشـنبیری حکومـەتی هەرێمی کوردستان.

27) (ئەکادیمی) ژمارە/1 ، هەولێر/2002، گۆڤاری کۆڕی زانیـاری کوردسـتان / چابخانەی رۆشنبیری– هەولێر

28) (ئـــەکادیمی) ژمـــارە/2 ، هـــەولێر/2004 ، گۆڤـــاری کـــۆڕی زانیاری کوردستان / چابخانەی رۆشنبیری– هەولێر

29) (ئـــەکادیمی) ژمـــارە/3 ،هـــەولوێر/2005 گۆڤـــاری کـــۆڕی زانیاری کوردستان / چابخانەی رۆشنبیری– هەولێر

30) (زانکـــۆی نـــویێ)ژمـــارە/12 هـــەولێر/2006/گۆڤـــاری زانکـــۆی سەلاحەدین .

<u>وانەکان:–</u>

31) وانـــەکانی ( د. رەفیـــق شـــوانی ) لەبەشـــی کـــوردی /کۆلیـــژی زمان / زانکۆی سەلاحەدین 2003– 2005 .

32) وانـــەکانی ( د. عەبـــدول واحیـــد موشـــیر ) لـــە بەشـــی کـــوردی / کۆلیژی زمان /زانکۆی سەلاحەدین . 2003– 2005.

33) وانـــەکانی ( د. مســـــتەفا زەنگەنـــــە ) لـــــە بەشـــــی کـــــوردی /کۆلیـــــژی زمـــــان /زانکـــــۆی ســـــەلاحەدین .ســـــاڵی 2003– 2005

## پێڕست:



| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | پێشکەشکردن | 1 |
| 2 | پێشەکی بەپێنوسی (موحسین جوامێر) | 2 |
| 3 | سەرەتای نووسەر | 6 |
| 4 | بەشی یەکەم لەبارەی مێژووی زمانو رابردووی زمانی کوردییەوە | 9 |
| 5 | بەشی دووەم دیالیکتیکەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی یەکگرتوو | 20 |
| 6 | بەشی سێ یەم زمانی ستانداردی کوردی لە ئیستاو داهاتوودا | 31 |
| 7 | بەشی چوارەم ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە | 46 |
| 8 | پرۆفایلی نووسەر | 57 |

# پرۆفایلی نووسەر :



.

- ❖ ڕێبوار عەلی ئەحمەد شەریف
- ❖ 2 /1968/3 لە شاری سلێمانی ، لە گەڕەکی چوارباخ لەدایك بووە.
- ❖ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە و بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی سەلاحەدین وەرگرتووە.
- ❖ ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و یەکێتی مامۆستایانی کوردستانە.
- ❖ سەرنووسەری ڕۆژنامەکانی (داهێنان ، هەڵوێست ) و گۆڤارەکانی (هەستیار، جگەرکۆشەکان ) و دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکانی : (گزنگ ، پەیامی ڕاستی، بانگی هەق ، سیاسەت) بووە .
- ❖ لە نێوان سالانی (2003- 2010) سکرتێری ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان و بەرێوبەری گشتی ڕیکخراوی YADC بووە.
- ❖ لە بەرهەمەکانی نووسەر :

1) دلۆپە بارانێك ( کۆمەڵە چیرۆك ) ساڵی (1993)
2) فکری ئیسلامی لەنێوان دۆگمابوون و عەقلانی بووندا . ساڵی (1998)
3) دەربارەی کاری ڕێکخراوەیی لەکوردستان . ساڵی (2003)
4) زمانی ستانداردی کوردی . ساڵی (2010)
5) سۆزوئاکاری ئیمانی لە ژوانی کوردەواریدا (چاپ نەکراوە )
6) راشەن ( کۆگوتارێکی ئەدەبی و فکریە ) . ( چاپ نەکراوە )